دراگۆن و کـــــاوبۆی،"ململانێی نێوان چین و ئەمریکا وەکوو دوو مەدلی سەرمایەداری "

عدنان کریم / سیدنی

شەوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری (کاپیتالیزم) سیستمی زاڵی تاقـــانەی جیهـــانی ئەمڕۆی ئەمەیە. پەیوەنـــدیە کۆمـــەڵایەتی وسیاسیەکانیش دەنگدانەوەی هەمان ڕاستین. جیاوازیی شێوەکانی ئەو سیستمە واتە بازاڕی ئازاد ومۆکداریەتیی تایبەت یا کۆنترۆڵکردنی بەشێك یاخود بەشی زۆری مۆکداریەتیی سەرمایە لەلایەن دەوڵەتەوە ، ئەو بنەما نوگرۆیی پێشوو نابات ژێر گومان یاخود پرسیارەوە. لەرەداقازانج نێك سوودبەخشیی بەرهەم بە مەرەق مەتیڤی پرۆسەی بەرهەمهێنانە. لە شێوەی پیشەسازی بەدواوە هیچکات هەندێ ئەستا پرۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی بەمجۆرە مەرکەی زاڵیی سەرمایەداریانەی بەخۆوە نەدیتووە.
لەنێوان ساڵانی 1917 _ 1989 هەژیموونیی (الهیمنة) سەرمایەداری وەکوو شەوازی باو وەتینی دەکخستنی پرۆسەی بەرهەمهێنان ، کەڵەن و درزەکی گەورەی تەکەوت بەهەی هەڵگیرسانی شەڕی سیاسیەتیی ڕووسیاوە.
ئەو دابەشبووونەی ئابووریی جیهان ، لە 1945 بەدواوەو بەهەی فراوانبووونەوەی سیستمی سیاسیەتی و دابەشبووونی جیهان بە دوو ئەردوگای سیاسیەتی و سەرمایەداریەوە تەکانەکی گەورەتری بەخۆیەوە بینی. ساڵانی نێوان 1917 _1989 ناسراوە بە قۆناغی تووندبووونەوەی ململانێی نێوان هەردوو مەدلی سەرمایەداری و سیاسیالیستی کە شەوازی بەرهەمهێنان و ناکۆکیی نێوان ئەو دوو مەدلە بناغەی سەرجەم بواڕکانی تری ململانێی سیاسی وئایدیۆلۆجی و دیبلۆماسی و سەربازیی پێکئەهێنا. لەم قۆناغەدا بلۆکی سیاسیەتی بوو بە مەدلی چەسپاو لەناو 3/1 ی دانیشتوانی گۆی زەویدا.
ساڵی 1989 سیستمی سیاسیالیستی بەتەواوی شکستی هێنا و ڕووخانکی دراماتیکیی تووشبوو. تا ئەوسەردەم لە ئەدەبیاتی سیاسیدا ، ئەو قوناغە بەو پێناسەئەکرا کە سەردەمی ململانێ و کێبەکێی نێوان سیالزم و سەرمایەداری تایبەتمەندیی زاڵی هەموو جیهانە، بەام بەدوای ڕووخانی ئەردوگای سیاسیالیستی ، جارکی تر سەرمایەداری ئەبەتەوە بە سیستمی تاقانە و بە هەقیبی ئابووری وکۆمەڵایەتیی

جیهان.
بەڵام زانبوونەوەی سەرلەنوێی سەرمایەداری وەکوو تەنیا مەدلی زاڵ لە جیهاندا بەمانای کۆتایی یا بنبڕبوونی قەیران و کێشەی ئەم مەدلەی بەرهەمهێنان و سەرجەم ئەو سیستمە نیە و نەبووە. هەر ئێستا لە مەبەندەکانی تیۆرێنەوە و تینکتانکەکانی Think Tanks ڕۆژئاوادا زووزوو گوبیستی کەمنتی لە چێشنی قەناغی دوایی سەرمایەداری Late Capitalism وتەنانەت جڕڵك لە هاتنەوەئارای لەڕ و لەوێی سۆسیالزم ئەبین.

گرچی سەرمایەداریەداری و قەیران دووانەیەکی لێکدانەبڕاون کە دواترینیان قەیرانی 2008 بوو کە شێوازی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی بەشێوەیەکی بەرچاو گرتەوە Economic Recession بەڵام ئەوەی دیار و لە ئایندەی نزیکیشدا شیاوی پێشبینی بێت بریتیە لەو ڕاستیەی کە کاپیتالیزم بەگشتی لە ئێستادا لە هیچ لایەکەوە ڕووبەڕووی هەڕەشە یا مەترسیی گەورەو بەتایبەتی ڕووبەڕووی هەڕەشەیەکی وجوودی نەبەتەوە ولە دنیای ئەمڕۆدا مونافیس و ڕکابەرێك لەمەیدانی کێبڕکێ لەگەڵ سەرمایەداری لە مەیداندا نابینرێت گەر تووشی پەتای ڤایرۆسی (ڕستەی شەڕشگێڕانە) نەبووبێتین.
بەپێچەوانەی ئەوەوە لە ئەمڕۆدا مەتۆی ئاوگەڕکانی سیستمی سەرمایەداری لەشوێنێکی تردا بەرجەستە بێتەوە کە ئەویش بریتیە لە ململانێی ناوخۆیی لە نێوان ووڵاتانی سەرمایەداریی ئەمڕۆ و بەدیاریکراویش لە نێوان هەردوو مەدیلی سەرمایەداریی ئەمریکی و چینی کە لە دنیای ئەمڕۆدا شانیان لەیەك گیرکردووە. ئەم ململانێیە خەسڵەتێکی جەوهەریی سیستمی سەرمایەداریی ئەم قەناغەیە و هەموو ناکۆکی و ململانێکانی تری ئەم سیستمەی خستەتەلاوە و کاریگەریی تووندی لەسەریان داناوە.
من لەڕەدا مەبەستم نیە بچمە ناو ووردەکاریەکانی سیستمی کەمڵایەتی و سیاسیی زاڵ لە چیندا و تەنیا مەبەستم شیوازی ڕێکخستنی بەرهەمهینانی کەمڵایەتی و ئابووریی ئەو ووڵاتانەیە وەکوو مەدلێکی جیاواز لە شێوازی بەرهەمهێنانی کلاسیکیی سەرمایەداریی هاوچەرخ کە نموونەکەی زیاتر لە ڕۆژئاوادا گیرساوەتەوە.
جیاوازیی نێوان ئەم دوو مەدلەی گۆڕەی سەرمایەداری تەنیا لەبواری ئابووریدا پەنگناخواتەوە بەڵکوو پەلی هاویشتووە بە سەرجەم کایە کەمڵایەتی و سیاسی و کەلتووریەکان.
ماتەی ناوکیی مەدیلی سەرمایەداریی ڕۆژئاوا بریتیە لە ئابووری و مەکداریەتیی کەرتی تایبەتی Private Sector هەرچی مەدلی سەرمایەداریی چینیە لەسەر بناغەی ڕەلی سەرکیی و جگەی پێشنگی

دەوڵەت لەبواری بەرهەمهێنان و پلاندانان و سەرجەم ژیانی ئابووریدا ڕاوەستاوە.
ناوهێنانی ئاوەی دووەم بە مۆدێلی چینی نابێ ئەو ڕاستیە پەردەپۆش بکات کە مۆدێلی ئابووریی ناوبراو لە ژێر شوێنی تری جیهانیش بالادەستیەکی بەرچاوی هەیە وەکوو ڤێتنام ، ڤەنزویلا، سەنگاپور ، ڕووسیا ، ئازەربایجان ، جەزائیر ، ڕواندا ، ئەسیوبیا و میسر و زۆر ووڵاتی تر.
خاسیەتی جەوهەریی مۆدێلی ئابووریی چینی لەوەدا بەرجەستە ئەبێتەوە کە دەوڵەت وەکوو کیانێکی سیاسی هەم ڕۆڵی ئەندازیار و پلاندانەری هەموو کایە و کەرتە ئابووریەکان و هەم کەرتی سەرمایەی ژێردەستەڵاتی دەوڵەت کاریگەرترین ، بەهێزترین و ستراتیجیترین بەشی ئابووری و بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی لەخۆیان ئەگرن و ڕۆڵی ماتریۆدی زیندووی سەرجەم بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی ئەبینێت گەرچی لە چینی هاوچەرخدا ڕۆژ و قەبارەی ئابووریەك کە لەلایەن سەرمایەی کەرتی تایبەتەوە مولکداری ئەکرێت ڕوو لە زیادبوون بووە.

ئەمە هەردوو مۆدیلی ئابووریی ناوبراو لەپانایی جیهاندا هەیمەنیان کردەتەسەر کۆمەڵگای مرۆیی جگە لەسەرمایەداریی ڕۆیعی کە بەسەر هەردوو مۆدیلەکەدا دابەش بووە وەکوو نموونەکانی لە ئیماراتی عەرەبی ، سعوودیە ، ئێران ، نایجیریا و زۆر ووڵاتی تردا دەبینرێت.
شەوازەکان و ئامرازەکان ململانێ (منافسة) لە نێوان ئەم دوو مۆدێلەدا هەمان شەواز و ئامرازەکانی ململانێی نێوان بلۆکی سەرمایەداری و کۆمۆنیستیی پێشوو نین. ئامانجەکانی پشت ئەم ململانێیەی ئەمڕۆی نێوان ئەم دوو بلۆکەی سەرمایەداریی جیهانیش جیاوازن لەوانی پێشووتر. بەڵام ئاوەی گومانی تیا نیە ئەو ڕاستیەیە کە ململانێی Competition نێوان ئەم دوو مۆدێلە ،کە یەك ناوەڕۆکی هاوبەش و دوو فۆرمی جیاوازیان هەیە ، ڕۆڵی سەرکی دەبینن لە ئەخشاندنی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئێستا و داهاتووی نزیکی دونیای ئەمڕ و هەر ئێستا سەرتاپای جیهانیان کردووە بە گۆڕەپانی ململانێیەکی گەورە و بەهێز.

گرنگترین خاسیەتەکانی دراگۆنی چینی Chinese Dragon
ئابووری زۆبەڵاحی چینی ئەمڕ قەرزاربارى ئەو ڕیفۆرمە ئابووریە بنەڕەتیەی کە لە ساڵی 1977 دا لەسەر دەستی دینگ سیاو پینگ دەستپێکرد. لە ساڵی 1978 دا دەوڵەت و کەرتی گشتی خاوەنی ١٠٠٪ قەبارەی گشتیی ئابووری ووڵات بوو و مۆکایەتیی تایبەت لە بوارەکانی

پیشەسازی، کشتوکاڵ ، بازرگانی (دەرەکی و ناوخۆیی) لە ئاستی سفردا بوو. لە ساڵی 2019 ئەو ژمارەیە ئاماژەی پێکرا ژمارەی گوندەکانی بەسەردا دەت بەجۆرێك دەوڵەت تەنها خاوەندارێتیی 20 ٪ ی لەدەستدا ماوەتەوە و 80 ٪ ی بەرهەمهێنانی ئابووری بە گشتی لەژێر دەستی کەرتی تایبەتدا ئەنجام ئەدرێت.
تا ساڵانی کۆتایی هەشتاکانی سەدەی بیستەم دەوڵەت خاوەندارێتیی زۆربەی ئابووریی ووڵاتی ئەکرد و ژمارەی کەرتی تایبەتی و هاوبەشی لە چالاکیی ئابووریدا لاواز بوو. لەسەرووی ماشینی دەوڵەتیشەوە حیزبی کۆمۆنیستی چین و بیرۆکراتیەتی حیزبی دەسەڵاتی هێزەهای هەبوو وەکوو ماشینی سەرکیی کۆنترۆڵکردن وپلاندانانی پرۆسەی گەشەی ئابووری.
بەدوای هووخانی ئۆردووگای سۆسیالیستیی سۆڤیاتیدا بارودۆخی چین و لەنزیشیاندا ئەو هاوکێشەیەی پێشوو ئاماژەی قووڵی بەسەرداهات. دەوڵەت و حیزب دووەمین پرۆژەی ڕیفۆرمی ئابووریان خستە بواری جێبەجێکردنەوە بە بەرنگاربوونەوەی ئەو بارودۆخە سیاسی و ئابووری و فکرییەی کە بەشوێن هووخانی بلۆکی سۆسیالیستی و جیهانی تاك قوتبی و نیزامی نوێی جیهانیدا هاتبوونە ئاراوە. ئەم پرۆژەی چاکسازیە زۆر فراوانتر بوو لەوەی کە دینگ سیاو پینگ لە کۆتایی حەفتاکاندا لەدوای مەرگی ماوتسیتۆنگ پیادەی کرد.
تایبەتمەندیی سەرکیی ڕیفۆرمی ئەم قۆناغە بریتی بوو لە پێدانی ئیمتیازات وبواری زیاتر بە کەرتی تایبەتی و فراوانکردنەوەی بواری زۆرتر بە مۆکداریەتی و سەرمایەگوزاریی ناوخۆیی و دەرەکی و سەدان یاسا و پرۆژە بە ئاسانکردنی ئەو پرۆسەیە پەسەندکران بەئەوەی هیچ پاشکۆیەك بکرێت لەبواری ماهیەتی سیاسیی سیستمی دەسەڵاتداردا.
لەدرێژەی ئەم ئاماژانەدا و بە یەکەمینجار توێژی ئیلیتی کەرتی ئابووری تایبەت سەری هەڵدا وگەرچی لەچاو بیرۆکراتیەتی حیزبیی دەسەڵاتداردا خاوەنی پایگایەکی سیاسیی ئەوتۆ نەبوو بەڵام ڕۆژ بەڕۆژ ئەم توێژە کۆمەڵایەتیە نوێیە ئەبوو بەخاوەنی پایگایەکی ئابووری و پاشان کۆمەڵایەتیی بەهێزتر و فراوانتر. ئیتر دیاردەکانی ئابووریی سەرمایەداری و کاریگەریە کۆمەڵایەتیەکانی وەکوو بێکاری و هەژاوسان و قووڵبوونەوەی جیاوازیی چینایەتی و گرانی و گرفتەکانی بەهای بازاڕ و شتومەك بە میکانیزمی ڕاستەوخۆی بازاڕەوە بوون بەدیاردەی بەرینی ناو کۆمەڵگای چین بەتایبەتی لەسەدەی نوێ بەدواوە. بە پێی پێوەری Coefficient Gini کە تایبەتە بە پێوانەکردنی نایەکسانی لە بواری دابەشکردنی داهاتدا و بە نیشاندانی ئاستی یەکسانی لەداهاتکاندا لەنێوان ساڵانی 1985 – 2010 دا ژمارەکە لە 0.30 ەوە بازیدا بە 0.50 وبەوجۆرە ڕادەی نایەکسانی لەدابەشکردنی داهات و سامانی نیشتیمانیدا لە چین کەوتە

دوای ئەمریکا و بوو بە هاوتای ووڵاتانی ئەمریکای لاتینی.

شایانی بەبیرهێنانەوەیە کە ئەو ئاوگۆڕە لە پایگای هێردوو کۆرتی تایبەتدا کە ئاشکرا بەقازانجی بەهێزبوونی سەرمایەی کۆرتی تایبەتە هاوتا نەبووە لەگەڵ هیچ ئاوگۆڕێك لە هیژیمۆنی (هیمنة) ی دەوڵەت و سیستمی تاك حیزبی و ئیدارەی بیرکراتی لە ووڵاتدا. هەشتا و سەرباری ئەو ئاوگۆڕە بونیادیانە لە بنەمای ئابووریی چیندا ، دەسەڵاتی سیاسی درێژە بە مەمدەلێی ئۆتۆریتاریان Authoritarian ئیدات و نە هەڵبژاردنی ئازاد و نە ئازادیی دەربڕین بەمانا دیموکراسیە ڕۆژئاواییەکەی و نە ئازادیی چاپەمەنی و سیستمی چەند حیزبی و ...تاد لەو ووڵاتدا بوونیان نیە.
مەدیلێی گۆشەی کەم وەنەی ئابووری چین لەسایەی دەسەڵاتکی ئۆتۆریتاریدا ، بەو خەسڵەتە سیاسیانەوە کە ئاماژەی پێدرا ، ئەو تیۆرییە دێرینەی فکری سیاسیی لیبرالیزمی پووچەڵکردەوە کە پێیوابوو تەنها دیموکراسیی لیبرالی ئەتوانێ بەباشترین شێوە پێویستیەکانی گۆشەی سەرمایەداری دابین بکات.

بەو مانایە بوونی ناکۆکیەکی گەورە لە کارکردی ئابووریی چیندا بووە بە ڕاستیەکی زۆق کە بریتیە لەوەی لایەکەوە پایگای چین لەئاستی جیهاندا هەرچی دە بەهێزتر بووە و بە پێی پێوانەی ڕێها و ڕۆژیەش بەشی ئەم ووڵاتە وەکوو زلهێزێکی زبەلاح لە ئابووریی جیهانیدا زەر زیادی کردووە بەڵام ڕۆژی نایەکسانی لەناوخۆی ووڵاتەکەدا شانبەشانی ئەو زیادی کردووە و بەشی زیاتری داهات و سامانی کەمایەتی بەر کەمینە و ئیلیتی سەرمایەداریی نوێی کۆرتی تایبەت کەوتووە. ئەو لەوانەتدا ڕەوتکی ناکۆك بەیەك نیشان ئەدا بەڵام لەڕاستیدا یەکێك لە هەکارە سەرەکیەکانی گەشانی چین بەو زلهێز و دراگۆنە زبەلاحە ئابووریە جیهانیە ئۆگەیتەوە بە هەمان خەسڵەتی ناکۆکی کارکردی گۆشەی ئابووری ئەو ووڵاتە کە ئەویش بوونی هێزی کاری هەرزانی سەدان ملیۆنیی چینە ،کە جگە لە هیندستان ، هیچ ئابووریەکی گەورەی جیهانی بەئەندازەی ئەو لێی بەهرەمەند نیە و سەرچاوەی بەڵەشاوی قازانج وهەکارەك و پشمەرجەکی ئەو گۆشە کەمونە مۆزوویە.
بەڵام ڕەوتی نایەکسانی بەردەوامی دابەشکردنی داهات و سامانی کەمایەتی لەسایەی سەرمایەداریی مەدێلی چینیدا دیاردەیەکی ڕۆژیە هەر بەیەش ئادەی هەژاری بەپێچەوانەوە لە پاشکۆدایە و ئاستی گوزەرانی گشتیی خەڵك و چینی کەمدەرامەتیش زەر ڕووی لەسەربووە. ئەو ڕەوتە ناکۆکانەی پرسەی گۆشەی ئابووریی چین خەشی

و لەهەمانکاتدا جۆرێك لە ئاشتەوایی چینایەتی و کۆمەڵایەتیی بەرهەمهێناوە و تیگەیشتن لەو دیاردەیە یارمەتیدەرە بۆ دژەککردنی ئەو ئارامیە سیاسیە کەم وێنەیەش کە کۆمەڵگای چینی بەخۆیەوە دەیبینێت.

ئەم ڕاستیەی باسمان کرد کلیلی تێگەیشتن لە ڕێژە و پایگای ئەو ئیلیتە ئابووری و کۆمەڵایەتیە نوێیەش کە بەرهەمی ئەو ئاڵوگۆڕە جەوهەریانەی ناو هێناوی کۆمەڵگا وفۆرمی نوێی گۆشەی ئابووریە. ئەم توێژە کە بەتایبەتی دوای ڕووخانی ئۆردووگای سۆڤیات و شۆڕشی جیهانگیریی قۆناغی ساڵانی دوایی سەدەی پێشووە سەرهەڵدا ، بەشێکی زۆریش پێوەندیەکی تووندی لەگەڵ ئەو سەرمایەگوزاریە دۆرکیەدا هەیە کە هاوزەمان لەو قۆناغەدا ڕووبان کردۆتە بازاڕی کاری هەرزانی چین. ئەم توێژە ئابوورییە نوێیە ،گەرچی خاوەنی پایگایەکی ئابووری و کۆمەڵایەتیی بەهێز ، بەڵام بەپێچەوانەی ووڵاتانی سەرمایەداریی لیبڕاڵ – دیموکراتەوە ، ئازیە بە دوورەپەرێزی و بێ بڕیاری سیاسیی پاسیڤی تا ئێستای و هیچ تەماحێکی سیاسیی سەربەخۆی نیە و تەماهی بووە لەگەڵ سیاسەتی بیرکراتیی حیزب – دەوڵەتی چیندا و سەرگەرمی کۆمەکی سەرمایە و قازانجی خێرایی . ئەو دیاردەیە نزیك ناکەك نیە بەکوو خاسیەت و بەرهەمی مەدێلی سەرمایەداریی دراگۆنیی چینە کە نموونەکان وکارکردەکانیم باسکرد.
هەموو ئەو ڕووتانە پێکەوە ، لەووی سیاسیەوە ، کۆمەکیان کردووە بە شکڵگیریی جۆرێك لە هاوپەیمانیی نیشتیمانی و تەوافوقی کۆمەڵایەتی کە لەسەر بنەمای سێکوچکەی دەوڵەتێکی کۆنترۆکراو لایەن حیزبەوە ، ئیلیتێکی مودرینی ئابووریی چالاك و داینامیك لەپاڵ چینێکی کرێکاری خامەش بەڵام سوودمەند و خاوەنی پایگایەکی کۆمەڵایەتی نزیك سیاسیی بەهێز.
٢٠ ساڵی ڕابووردوو قۆناغێکی مژووویی دیار و کۆمۆنی گۆشەی ئابووریی ووڵاتی چین بوو. لەم قۆناغەدا کە جیهانگیری (گڵۆبالیزەیشن) گەیشتە ئاستێکی سەرسامهێنەری وا هەموو یێکەردەکانی لەوپەڕی تێکشکان ، چین توانی بە شێنەیی ، بەڵام لە پرسەیەکی عیملاق و کۆمۆنی گۆشەی ئابووریی مژووویدا ، گاپ و کۆلێنی نێوان ووڵاتێکی لەگەڵ ڕۆژئاوا بە گشتی و ئەمریکا بەتایبەتی هەرچی کەمتر بکاتەوە.

گەرچی ئەم گۆشەندن ئابووریە هەموو بواڕکانی گرتەوە بەڵام بەتایبەتی بواڕکان پیشەسازیی سووك و قورس و بواری ئینفۆرمەیشن و

پەیوەندیەکان (کۆمیونیکەشن) و زانست و I T کەرتی سەرەکیی ئەم ئاوگەانە بوون.
پەشئاوەی چین وەکوو زلهێزێك پەبنەتە ناو یاریگای کەبەکەی جیهانیەوە و ببە بەم دراگەنە زەبەلاحەی ئەستا و شان لە شانی ئەمریکا و ژاپەن و ئەوروپا بدات کە خاوەنی یەکجار مەدەلی ئابووری بوون و بەهەرسیکیان سی زلهێزی یەکەمی ئابووریی جیهانین پیهئەهێنا ، ئەبوایە چین سەرەتا لەناوخەدا دەست بداتە جیبەجیکردنی پرۆژەیەکی گەورە و زەبەلاحی ریفەرمی ئابووری و ئیداری. چین نەیئەتوانی بەبە بازارێکی ناوخەی بەهەز و بردنسەری ئاستی گوزەرانی دانیشتوانە هەزار ملیەنیەکەی ئەوکاتی بەخەویش بیر لەو قەەمباز و گەشە ئابووریە گەورەیەی نەوەتەکان بەدواوە بکاتەوە چونکە بوون بەئەندامی کەاپی زلهێزە ئابووریەکانی جیهان بەگەلەکی برسی و ئاستەکی نزمی دەرامەت وبازاەکی ناوخەیی کەم قەوارە و مەدەلەکی مردووی ئابووری و سکهەەوشینی ئابووریی خەکەکەیەوە ئەستەم و دژوار بوو.
بەپەی پەوەری Gini Coefficient کە تایبەتە بە پەوانەکردنی نایەکسانی لە بواری دابەشکردنی داهاتدا، لەدەسالی نەوەتەکانی سەدەی پەشوودا (1990) ئەو ەەژەیە لە چیندا لە 0. 70) (وە دادەبەزە بە (0.60)واتە نایەکسانی لە داهاتدا ١٠ یەکە (وحدة) ی پەوانەیی دابەزیوە و ئەندازەیەکی باشتری یەکسانی لەقازانجی چینی کەمدەرامەتدا ەوویداوە. ئەم ئاوگەە لە دوو دەیەی دواتریشدا لەبواری چوونسەری یەکسانی لەو وولاتەدا بەردەوام بووە و ئەم ەەژەیە بە ساەی 2018 بووە بە (0.468) .

هەر بە پەی هەمان پیوەر هادەی یەکسانی لە بواری داهات لەناوخەی ئەمریکادا بە ئاراستەی ەەیشتنی بەشی زەرتری سامانی کەمەایەتی بە چینە باەدەستەکان و بەشەکی کەمتری بە چینە کەمدەرامەتەکان ەەیشتووە. لەساەی 1979 ەیژەکە 0.35) (بووە بەەام لەساەی 2019 دا بەرزبەتەوە بە 0. 45)).
هەکاری سەرەکیی زیادبوونی ئەو نایەکسانیە لە ئەمریکادا بەگشتی ئەگەەتەوە بە : لاوازیی سەندیکا و نیقابە و یونیەنەکان ، بەستەەکی کرێکان Wage Stagnation ، هەەئاوسان و چەنین هەکاری تری هاوچەشن کە بەشەکن لەکارکردی مەدەلی گەشەی سەرمایەی ئەمریکی.
لەلایەکی تریشەوە و گەرچی و بەهەی ئەو هاوکەشە ئابووریە نوێیەوە کە لە ئاستی جیهاندا لەئەنجامی جەگرتنی چین وەکوو دووەم زلهێزی جیهانی سەریهەداوە ، ئاستی دابەشبوونی داهات لە نەوان ووەاتانیشدا گەانی ەەژەیی لەقازانجی چیندا بەسەردا هاتووە و چین

بەگشتی بەهرەمەند بووە لە هێزێکی زیاتری داهات وسامانی جیهانی بەبەراوورد لەگەڵ ئەمریکادا ئەمەش لەکاتێکدایە کە هادی دابەشبوونی داهات لەناوخۆی ئەمریکادا ، لەووی چینایەتیەوە ، بە زیانی چینەکەمدرامەتەکان و قازانجی ئەو توێژە 10 ٪ دا بووە کە 80 ٪ ئابووریی ووڵاتیان کۆنترۆڵکردووە. هەرچی چینە ئەوە ئەم هێزێیە هێڵ پێچەوانەی نموونە ئەمریکیەکەیەتی. لەناوخۆی ووڵاتدا چینە کەمدرامەتەکانی ووڵاتی چین ، لەنێوان 1990 – 2015 دا ، هەم لەووی ڕێژەیی و هەم لەووی ژمارەیی هێڵەوە (مطلق و نسبي) ، بە زمانی ئابووریزانەکان ، و هەمیش بەبەراوورد هێژەیی لە ئاستی جیهانیدا ، وەکوو پشتر نموونەیەکمان لەسی هێنایەوە ، بەهرەمەندبوون لە بەشکی گەورەتری کەکی ئابووری و بەرهەمی گشتی ئابووری وولاتەکەیان.
لەکاتێکدا کە هادی گشتی سانەی ئابووری چین لە ساڵی 2018 دا ئەگاتە 6.6 ٪ ئەو هادیە لەئەمریکا لە 2.3٪ تێنەپەڕیو. هەر لەو ساڵەدا لە کاتێکدا تێکڕای بەرهەمهێنانی نیشتیمانیی Gross Domestic Production واتە GDP لە ئەمریکا خەی ئەدا لە 21.427 $ تریلیەن ئەم هێژیە بە چین بەرزبەتەوە بە 14.140 $ تریلیەن یاخود 98 تریلیەن یوان .

کێبڕکێی کاوبۆی و دراگۆن !!

بنەڕەتیترین خەسڵەتی جیهانی سەرمایەداریی هاوچەرخ بریتیە لە کێبڕکێی تووند و بەهێزی نێوان ئەو دوو جەمسەرە ئابووریە جیهانیە و تەرازووی هێزێکی نوێ کە لەو بوارەدا هاتۆتە ئاراوە لەو کاتەوە کە چین توانی ، لەپرۆسەیەکی خەرای دەسایدا ببێت بەجێگرەوەی ژاپۆن و بەوجۆرە ، دوای ئەمریکا ، پایگای دووەمین زلهێزی جیهانی داگیر بکات.
گەرچی تووندبوونەوەی ململانێی نێوان ئەمریکا و چین زیاتر لە قاڵبی کێبڕکێیەکی جیۆپۆلیتیکیدا خەی دەرئەخا بەڵام ئەوە تەنیا پەردەیەکی ناسکە و لە پشتیەوە هاستیەکی تر خەی حەشارداوە کە بریتیە لە کێبڕکێی تووندی مەدلی چینی و ئەمریکی لەهەموو بوارە ئابووریەکاندا.
(لە 1970 دا هێژاوا 56 ٪ بەرهەمی ئابووریی جیهانی دروست ئەکرد لەکاتێکدا ئاسیا بە ژاپۆنەوە 19 ٪ ی بەردەکەوت. ئەمڕۆ پاش سێ نەوە لەو میژووە هاوکێشەکە گۆڕاوە بە 37 ٪ بە لایەنی یەکەم و 43 ٪ بە دووەم. ئەو ئاوگۆڕە گەورەیە بۆپلەی یەکەم بەرهەمی ئەو گەشە ئابووریە سەرسوڕهێنەرەیە کە لە ووڵاتانی وکوو چین و هیندستاندا ڕوویداوە.) P 13 Foreign Affairs

قۆناغی کۆمەڵگەی هاوچەرخی ئابووریی چین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لە مێژووی دوور یا نزیکدا. هاتنی چین وەکوو زلهێزێکی ئابووری بە سەر شانۆی جیهان هاوکات بوو لەگەڵ شۆڕشی بەجیهانیبوونی کەتایی سەدەی پێشوو. ئەو هاوزەمانیبوونە زۆخم و تین و تاوێکی تری دا بە ئابووری چین کە خەی بە لووتکەی خاوەنی دینامیزمێکی نموونەیی بوو. ئەم گۆشکردنە کە هەم لەووی ئاسایی و عەمودیەوە هێز و گوژمێکی تایبەتی هەبوو ،کارلێکی جیهانیی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا وبەردەوامیش کاریگەریکانی لە قووڵبوونەوەدان. جگە لەوە ئەبە ئەو ڕاستیەشمان لە وون نەبە کە گۆشەی ئابووریی چین سەرتا وەك هەر پرۆسەیەکی ئابووری لە چوارچێوەی بازاڕی ناوخۆوە دەستی پێکرد بەڵام لەسەروبەندی ئابووریەکی بەجیهانیبووەدا پرۆژەی ڕیفەرمی ئابووریی دووەمی دەستپێکرد. ئەم گۆشە ئابووریە بەهەی تایبەتمەندیەکانی ئابووریی چینیەوە هەر زوو کوتە بەردەم بەربەستی توانای کەم و بەرتەسکی بازاڕی ناوخۆیی ئەو بازاڕە بوو بە چوارچێوەیەکی تەسك و بگرە بەربەست بە هەڕەمژین و ئیحتیواکردنی ئەو گۆشە ئابووریە داینامیکە. لیرەوە و وەکوو پێویستیەکی حەتمی دیاردەی دەرکەوتنی چین لە شانۆی ئابووری جیهانیدا چ لەبواری بازرگانی یا بواری سەرمایەگوزاریی جیهانی ، ئەبە و بوو بەڕاستیەکی چاوەڕوانکراو.
ئەم پرۆسەیە، واتە بەهێزبوونی پایگای ئابووریی چین لە ئاستی جیهانیدا، بەشێوەیەکی چاوەڕوانکراو و ئەتەماتیکی ئەبەتە مایەی پێکدادانی نێوان ئەم مۆدێلەی گۆشەی سەرمایەداری لەگەڵ مۆدێلی کاپیتالیزمی ڕۆژاوا و بەتایبەتیش ئەمریکا. بەوجۆرە یەکێك لەکاریگەرترین دیاردەکان لە 20 – 25 ساڵی ڕابووردوو، لەووی ئابووریەوە لە ئاستی جیهاندا ، بریتیە لەدەرکەوتنی چین وەکوو زلهێزێکی ئابووریی جیهان کە لەپرۆسەیکی خێرا و نائاسایی 20 ساڵیدا بوو بەدووەمین هێزی ئابووریی جیهانی ئەمڕۆی ئەمە.
ڕاستە لەدیدی خێکی جیهانیەوە مۆدێلی دەسەڵاتی بیرکراتی – حیزبی و سیستمی سیاسی ئەتۆریتانی Authoritarian چینی هێندەی مۆدێلی دەسەڵاتی لیبرال – دیموکراتی ئەمریکا و ڕۆژاوا جێپەسەند و دڵگیر نیە بەڵام ئەوە نایتوانیوە ببەت بە ڕێگر لەبەردەم چیندا تا بووپێی هێزەوە حوزورێکی گەورەی هەبە لەبواری پێیوەندیە نێودەوڵەتیەکان و لەئاستی جیۆپۆلیتیکی و بازرگانیی نێودەوڵەتیدا.

چینی ئەمڕۆ بەکارخانەی هەموو جیهان ئەشوبهێنرێت. ئەم ووتە بەچێکی هێزی ئابووری و هێزی لەبن نەهاتوو و داینامیکی مۆدێلێکی ئابووری کە زۆر بەتواناترە لە مۆدێلی گۆشەی سەرمایەداریی کلاسیکی

ئەژئاوا لە بواری موبالیزکردنی هێزی کار وسەرچاوەکان و بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی ، ئەکخستنی زیندووی پرسی بەرهەمهێنان ، تەنانەت لە ناوخۆی بازاڕی ئەمریکاشدا تەنگی بەو ووڵاتە هەڵچنیوە و وەکوو هێزێکی کۆبەکەری زبەلاح یەخێی بەسەرجەم بلۆکی سەرمایەداریی ئەژئاوا گرتووە وڵەدوای ووخانی ئەردووگای سۆڤیەتیەوە بووە بە گورەتری چالەنج بە ئەردووگای ئەژئاوا وبەتایبەتی بە ئەمریکا.
ئیدارەدانی پرسی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی لەو ئاستە فراوانی وولاتی چیندا و خستنەگەڕی ئەردووی فراوانی هێزی کار و مەدلێکی بازرگانیی چالاك و تەکەم لە ئاستی جیهاندا ، بازاڕێکی ناوخۆیی گەورە و فراوان و داینامیك توخمکانی تری بەرهەمهێنانی ئابووریەکی قەبە و ئەنجامدانی ئاستێکی بەرز و داینامیکی گەشکردن ، هەموو پێکەوە لەسایەی سیستمێکی سیاسیی ئەتەریتاریانی سەنتراڵدا توخمە جۆهەریەکانی مەدیلی دراگۆنی سەرمایەداریی چینیی ئەم سەردەمە پێکدێنن.
تا ئەم چرکەساتە مەدلی دراگۆنی چینی بووە بە نموونەیەکی سەرکەوتوو و زیندووی کەمۆنەی گەشەی ئابووری کە لە 50 ساڵی ڕابووردوودونموونەیەکی تری وا بەرچاو ناکەوێت.
نموونەیەکی بەرچاوی دەرکەوتنی ستراتیجیی ئابووریی چینی کە بەرجەستەی ئەو خەسڵەتەی ئەکات وەکوو زلهێزێکی جیهان و زلهێزێکی تری ئەداتە بەریتیە لە پڕۆژەی (ێگا و پشتێنە Road & Belt Initiative) یاخود ڕێگەی ئاورشمین کە نیشاندەری تموحی زیاتری ئەو ووڵاتیە بە بەهێزکردنی پایگای جیهانیی خۆی لەڕێگەی پێکەوە گرێدانی چەندین ووڵات و کیشوەر (قارة) لەچوارچێوەی پرۆژەیەکی زبەلاحی گەشەی ئابووری و سەرمایەگوزاری و ژێرخانیدا کە پشتی بەستبە بە تەمویل و سەرمایەگوزاری و پلاندانان و سەرپەرشتی هاوبەشی چین و ئەو ووڵاتانەی پەیوەی گرێ ئەدرێن. ئەو پرۆژەیە لە ئەمریکا و ئەژئاوا وەکوو زەنگی مەترسیەکی گەورە تەماشا ئەکرێت و بەدیان شەواز هەوڵی ێگریکردن لێی و بەدناوکردنی ئەدرێت. ئەمە ئەو جۆگا و پلانکانی ستراتیجیەتی چین لە ئاستی جیهاندا لەلایەن ئەمریکاوە وەکوو گەورەترین چالەنجی دوای کۆتایی جەنگی سارد تەماشا ئەکرێت و بەمەترسیەکی گەورە لەبەرانبەر پایگا و هەیمەنەی جیهانیی ئەمریکا لەقەڵەم ئەدرێت.

ئەم پرۆژەیە هەوڵەکە بە گرێدانەوەی ژمارەیەکی زەری ووڵاتانی جیهان لەچوارچێوەی شراکەتێکی سەرتا ئابووریدا لەژێر هەیمەنەی ئابووری چین لەخزمەت ستراتیژیی ئەمریی ئەو زلهێزەدا. پشتێنەی

مالیی پڕۆژەی ناوبراو زیاتر لە 5 تریلیۆن دۆلارە. بە مەحکەمکردنی پایگای خۆشی ، چین بڕیاری دامەزراندنی ئۆرگان وەکخراو ودامودەزگای مالی و بانکی و ئابووری ویاسایی بۆ ئاسانکردنی جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژەیە وتا ئێستا لەو چوارچێوەیدا سەرقالی دامەزراندنی دامەزراوەیەکی قەزایی بەمەبەستی گەرانەوە بۆ لێواری چارەسەرکردنی کێشەی کۆنتراکت و کرێدیتی مالی وەیکەوتننامە لەگەڵ دەوڵەتانی بەشدار لەو پڕۆژەیە و یەکلاکردنەوەی هەر کێیسەکی جیاوازی و پێکدادانی یاساییدا.
هەوڵەکانی ووڵاتی چین لەئاستای دەستپێکردنی پڕۆژەی ناوبراودا مایەی پێشوازی بووە لەلایەن زۆر ووڵاتانی جیهانەوە.
کەمپانیا چینیەکان لێبواری دروستکردنی ژێرخانی ئابووری لە چێشنی بەندەرەکان ، پاڵاوگە ، هێڵی شەمەندەفەر ، تۆڕەڵ و ێگە و بەنداو …تاد ، ناوبانگ و شارەزایی وتوانایەکی داینامیك و سەرسووهێنەریان هەیە بەبەراوورد بە کەمپانیا ئۆژاواییەکان وهەر ئێستا سەدان کۆنتراکتیان لەوبوارانەدا لەگەڵ ووڵاتانی وەکوو جەزائیر ، میسر ، کازاخستان ، عێراق ، ئواندا ، مالی ، پاکستان و زۆری تردا ئیمزاکردووە.
جگە لەوە ، تایبەتمەندیکی ستراتیجیەتی نوودووەتیی چین ئەویە کە ، بەپێچەوانەی ئەمریکا و ئەوروپاوە ، دەستوەردان و دەخالەت لەکاروباری سیاسی و ئاسایشی ئەو وولاتانەدا ناکات یالانی کەم بەو شێوە کلاسیکیە توخنی سیاسەت و کێشە ناوخۆییەکانیان ناکەوێت. بەپێچەوانەوە چین لەو بوارەدا جەڕك لەدەزگرتن لەتایبەتمەندیی ئەو ووڵاتانە و سیاسەتی شراکەت و یەکسانی لەگەڵیاندا پێیەوە ئەکات . چین لەم بوارەدا سوودی زۆر وەرئەگرێ لەو ڕاستیەی کە ووڵاتەکەی مۆژوویەکی خراپ وناوەکی زۆاوی نیە لەکایەی پێوەندیە دەرەکی و نوودووەتیەکانیدا بەپێچەوانەی ئەمریکا و زۆربەی ئەوروپاوە کە فایلی کۆلۆنیالیزم و جەنگ و تاڵانکردنی سامانە سەرشتیەکانی ووڵاتانی جیهان سێیەم مایەی ڕسوایی و شەرمەکی مۆژووییەن بۆیان و تا ئێستاش لێبواری پێوەندیە نوودووەتیەکاندا بەچاوی گومانەوە دەڕوانرێتە هەر هەنگاو و پڕۆژە و پێشنیارەکی ئەوان. ئەم سیاسەت و ڕابووردوی چین جێی دڵخۆشی و پەسندی ئیلیتی دەسەڵاتداری ووڵاتانی شەریکی ئەو لەئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکای لاتین وزۆنگەکی دڵخۆشکەریشە بۆ بەیاربەدەستانی سیاسی و کەمپانیاکانی دراگۆنی چینی.
هەر لەدرێژەی هەوڵەکانی لەوبوارانەی پیشوودا چین بەوچان سەرگەرمی بنیاتنانی دامودەزگای نیونەتەوەیی پیویستە بە خزمەت بەو پڕۆژەیە و سەرجەم پایگا جیهانیەکەی وەکوو زلهێزێکی جیهان ئەمەمان لە

چۆنیەتی بانکی سەرمایەگوزاری ژێرخانی ئاسیا The Asian Infrastructure Investment Bank کە هاوچەشنی بانکی نێودەوڵەتی World Bank و بانکی دراوی نێودەوڵەتین I F M International Monetary Fund کە لە قۆناغی شەڕی ساردا و وەکوو بەشێك لە ستراتیجیەتی ئەمریکا بۆ بەهێزکردنی پایگا و ستراتیجیەتی ئابووریی خۆی و لاوازکردنی ئەردووگای کۆمۆنیستیی ئەوکاتە دایمەزراندن.
ئابۆ ئاوەش پشتگوێ بخەین کە خودی ناوخۆی ئەمریکا وچینیش گەلێ پانۆکی تری ئەم کێبڕکێ و ململانییەن لەنێوان ئەو دوو زلهێزدا وەردوولا پتر بە دیان شیوازی شەڕی دەروونی ، ئایدیۆلۆجی ، فەرهەنگی و کەلتووری ئەبێن بۆ قبووڵاندنی مەدەلێ جیاوازکانیان و کاریگەری دانان لەسەر زەین و هۆش و کەلتووری دانیشتوانی یەکتر.
لە کاتێکدا ئەمریکا لەڕێی بەردووماني ئیعلامیەوە ئایدیۆیت سڕینی خۆکی چین ئاکۆشێت بەرەولای مەدەلی ژیان و فەرهەنگ و شارستانیەتی ئەمریکی و دیموکراتی لیبرالیی ئەژئاوا وژیانی سەرکەوتووی چینیە پێناهندەکان لە ئەمریکا وستایلی ژیانی مەدرینی ئەوان ، چین بە بەرپەرچدانەوەی ئەوجۆرە کەمپەینە و پووچەڵکردنەوەی ئایدیۆ لۆکی بەرزکردنەوەی گیانی نیشتیمانی و بەها مێژوویی و شارستانیەکانی چین و بردنسەری ئاستی گوزەرانی دانیشتوانەکەیەوە لای هاووڵاتیان خۆی ئەوە جگیربکات کە ستراتیجیەتی ئەمڕۆی چین ئەتوانێ ووڵاتەکەیان بکات بە هێزکی کاریگەر و زلهێزی جیهانی ئەمڕۆ .
ئامانجی ئەمریکا لەو پڕپاگەندانە شتێك نیە جگە لە هەوڵێك بۆ دروستکردنی کەلێن لەنێو حکوومەت و گەلی چین و چاوی بەو پایگا سەرکەوتنانەی ئەو ووڵاتە هەنایات.
یەکێك لەکارتەکانی دەستی ئەمریکا لەم بوارەدا کێشەی هەنگ کەنگە. داهاتووی هەنگ کەنگ و جۆری پەیوەندیی لەگەڵ چین و جۆری سیستمی سیاسی و دەستووری لەو کانتۆنە ،گرێیەکی گۆردیە بۆ چین نێك تەنها لەبواری ئابووریدا بەڵکوو لە زۆر بواری تریشدا و یەکێك لە چاڵینجگۆرەکانی بەردەم ئەو ووڵاتەیە.

ئەمریکا بەپلانی زۆر وورد ئەم مەسەلەیەی کردووە بە کارتێکی فشار بۆ خاوکردنەوەی پرسەی بەهێزبوون و بالادەستیی جیهانیی چین. ئەمریکا بەوچان لەهەوڵدایە بۆ بەکارهێنانی مەلەفی هەنگ کەنگ لەپاڵ فایلی مافی مرۆڤ و ئازادیە سیاسی و فەردیەکانی تر لە چینی حیزبی کۆمۆنیستدا تا بتوانێ پشێوی و نائارامی لەناو چیندا بەرپابکات و ئەبگرێت لە دراگەنی چین و بەاوبوونەوەی نفووزی لە ئاستی جیهاندا. بەڵام ئەمریکا تا ئێستا لەوبواردا سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەستنەهێناوە چ لەبواری بەرتەسککردنەوەی نفووزی چین لە

هەنگ کۆنگ و مەکاو لەچوارچێوەی سیستمی (یەك وڵات و دوو سیستم) . لەپاڵ ئەوەشدا چین توانیوێتی بەهەمان شێوە ڕێگری جیددی بکات لە دزکردنی نفووزی ئەمریکا لەناوخۆی چین وتێشنەکردنی ئەو بزووتنەوە ناڕازایەتیە لیبرالیەی هەنگ کۆنگ بە شوێنکانی تری وڵات کە ئەو ئاڵقەیەکی پلانکەی ئەمریکایە.
ێگرتن لەتێشنەکردنی نفووز و پایگای ئەمریکا لەناو دانیشتوانی هەموو پارچەکانی ووڵاتدا ئەولەویەتی کاری ئێستای حیزبی کۆمۆنیست و حکوومەتی چینە وەکوو مەیدانێکی ئەو کیبڕکێ و ململانی جیهانیە لەگەڵ ئەمریکا کە گەرچی زیاتر قاڵبێکی فکری و ڕۆشنبیری و کەلتووریی گرتەخۆی ، بەڵام سەرکەوتنەکانی چین لە ئاستی جیهانی و تێشنەکردنی نفووزی ئەو مەدەلە ئابووری و ستراتیجیە چینیە لە ئاستێکی بەرینی شانەی جیهانیدا ، توانیوێتی تای تەرازووەکە لە ناوخۆی ووڵاتیشدا بە قازانجی چین و پێچەوانەی هەوڵەکانی ئەمریکا بشکێتەوە و یەکێتی و یەکپارچەیی خاك و حکوومەتی چین بەهێزتر بکات.
لەپەنای ئەو بابەت و ئامراز و مەیدانانەدا کە ئەم ململانێ و کێبڕکێیە تیایدا بەرجەستە ئەبێتەوە ئەمریکا بەردەوام لە دانانی کەسپ و قورت لەبەردەم هەوڵەکانی زەبەلاحی دراگۆنی چینیدا. بوارەکان و ئامرازەکان بەشێکیان بەم شێوازانەی خوارەوەن :
یەکەم : نانەوەی نائارامی و دڵەڕاوکێ لەناوچەی پاسیفیك و خواروو ئاسیا و دروستکردنی بڵۆکی سیاسی و ئابووری و ئەمنی و سەربازیی دژە چینی لە نێوان ووڵاتانی دەوروبەر یا هاوسنووری چین وخۆشکردنی ئاگری ململانێی ناوچەیی و دژایەتیی ئەو ووڵاتە بەهاوکاریی ووڵاتانی وەکوو (فلیپین ، تایلەند ، ڤیتنام ، ئەندنووسیا ، کەمبۆدیا ، ژاپۆن و کۆریای باشوور) . ئەمریکا جگە لە ترساندنی ئەم ووڵاتانە لە چین لەهەوڵدایە کە کێشە کۆن و مێژووییەکانی ئەم ناوچەیە بە ئەو مەبەستە تەوزیف بکات. لە 30 ساڵی ڕابووردوودا دەیان پەیماننامە و ڕێکخراوی وەکوو (ڕێکخراوی خواروو ڕۆژهەڵاتی ئاسیا – سیاتۆ) و (ئاسیان Association of South East Asian Nations) ی دروستکردووە بۆئامانجی تەحجیم کردنی ڕووڵگەشەی چین لەو ناوچەیەدا.

دووەم: ئاگرخۆشکردن بە هاوپەیمانەکانی و پەرەسەندنی کێشەی سنووریی خاکی و ئاوی لەنێوان ووڵاتانی وەکوو ژاپۆن و فلیپین و ڤیتنام لەگەڵ چیندا.

سێیەم: پەرەدان بە میلیتاریزەکردنی بارودۆخ و فەزای ناوچەکە و

فرۆشتنی چەك و تەقەمەنی بۆ ووڵاتانی کۆشیان لەگەڵ چیندا هەیە و کردنەوەی دەیان بنکەی سەربازی.

یەکێك لەئامانجەکانی ئۆباما سیاسەتی میلیتاریزەکردنی فەزای ناوچەکە لەلایەن ئەمریکاوە بریتیە لەوەی چین بخرێتە ژێر فشارەوە تا بەشی زۆرتری بودجە و ئیمکانیاتی مالی و مرۆیی و تەکنولۆجی و پیشەسازیی خۆی لەبواری کەبەکەیەکی چەکدار (سباق التسلح) ی بەرنامە بۆ دارێژراودا خەرج بکات و کەمتر بیپەرژێتە سەر ستراتیجیە ئابووریە سەرکەوتووەکەی و لەسەر حسابی بەرنامە ئابووریەکانی ڕووبکاتە خۆ تەیارکردنی سەربازی بەهەموو ئاکامە تێکشکێنەرەکانیەوە بۆ داهاتووی پێ لە ئومێدی ئۆباما. ئەمریکا لەسەروبەندی شۆڕی ساردا و بەتایبەتی لەسەردەمی ڕۆناڵد ڕیگندا بۆ پیادەکردنی بەرنامەی بەناو شۆڕشگێڕکان (حرب النجوم) توانی سەرکەوتووانە هەمان گەمە لەگەڵ سۆڤیەتی ئۆکاتدا ببات پێشەوە و سەرئنجام ئابووری ئۆباما میلیتاریزەبکرێت و دواتریش تووشی داتەپانێکی ژێرخانیی گەورە ببێت کە ڕەنگی خۆشکرد بۆ ڕووخانی بلۆکی سۆسیالیست و هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیاتیش.
جگە لەبەکارهێنانی ئۆباما چەکانێکی باسمان کرد ، ئەمریکا لەجیهانکێدا دەستی بردووە بۆ زێر شۆواز و چەکی تر لە ململانێی پاڵەهەپیدا لەبەرانبەر بۆ چین.
کاوبۆی ئەمریکی لەهەوڵێکی گەرمدایە بۆ کۆکوەرگرتن لەچەکی ئاین و مەزهەب و وروژاندنی سۆز و گیانی ئاینیی وەکوو سلاحێکی سیاسی لەناو بەشە جیاجیاکانی خەڵکی چیندا لەچوارچێوەی هەمان کەبەکە بۆ خاوکردنەوەی قۆناغەمبازی ئابووریی تەنینی چینی.
هاندان و داددان و دندانی دالای لاما و بەکارهێنانی کارتی کەمایەتییی تیبتیکان ، وروژاندنی مەسەلەی تایوان ، ئیستیغلالکردنی فایلی موسوماناە ئیگەریکان ، دندان و پشتگیریی کەنیسە غەربیکان بۆ پەردان بۆ کەمپەینی تەبشیری ئاینیی مەسیحی و بەکارهێنانی وەکوو چەتر و ئامرازێکی سیاسی و ئایدیۆلۆجی ، هاندانی دەیان سێکتی مەزهەبیی وەکوو فاڵۆن گۆنگ .. تاد ، چەند نموونەیەکی تری ئۆبامە لەبیکردنە ئەنتی چینین کە ئەمریکا لە ستراتیجیەتی ناوبراوی خۆی لەم بوارەدا پەنای بۆ بردوون.
لەم سەردەمەدا خواروی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، ڕۆژهەڵاتی دوور ، ئەفریقیا ، ئەمریکای لاتین وبوارێکی زۆرتری جوگرافیای جیهان بوون بە گۆڕەپانی ململانی و کەبەکەیەکی فراوان و بەهێزی ئۆبامە دوو زلهێزە کە هەریەکەیان هەڵگری پەیام و ئەلتەرناتیوێکی نوێیە بۆ دنیای ئابووری و سیاسی و ستراتیجیی

هەموو گەی زەوی.
مەسەلەی ووزە ، بازرگانی ، تاریفەی ئابووری ، سەرمایەگوزاری و گوزارشەوەی سەرمایەکان و بزاوتی جیهانییان ، قوتبەندی و فراکسیۆنە سیاسیەکان ، پەیماننامە و یەکەوتنە دووقۆڵی و چەند قۆڵیەکان و سەرجەم فەزای جیۆپۆلیتیکی جیهان و سیاستی نێودەوڵەتی بەگشتی ، زۆر بەتوونەدی و بەپلەی یەکەم کاریگەری لەو کەبەکەیە وەرئەگرن و هەر هەموویان لەسایەی و لەژێر تیشکی ئەودا لەهەوڵی دووبارە پیناسەکردنەوەی خەیاندان.
ئەوانە هەموو ئاکامی دەرکەوتن و تەکانی هەکیت ئاسای دراگۆنی چینی ئەمڕۆن.
دراگۆن یا دراگن (تنین) Dragon گیانلەبەریکی ئەفسانەیی زەبەلاحە کە لەکەلتوور و فۆلکلۆری چینیدا سیمبولی هێز و قەبەیی و ئیرادەیە.

نیسانی 20
adnakerim22@hotmail.com

Foreign Affairs, Volume 99. January / February 2020
As China Goes, So Goes the World: Karl Gerth 2010
Communist International Economics: P.J.D. Wiles 2008

دیموکراسی دەندەکان … عومەر مەحمەد

سەرمایەداری سیستەمێکە لەرواڵەتدا شارستانی ولەناوەڕۆکدا دواکەوتوو بەڕەحمە، بەو ڕەگەزانەشییەوە کە گوایا پارێزەری مافی مرۆڤ و ژینگە پارێزن، زاناو داناو ئاکادیمیست وتیوریسەنەکانی ئەم سیستمە بە ئەندازەی جەلادەکان و کەلەنەل وسوپاسالارەکان تاوانبارن، ئەوان ناتوانن هەتا سەر لە پەنای بروانامەیەک ولە ناو پشتەیی و هەکپشییدا لاوازی و خەپارێزی بشارنەوە، ناتوانن ناخی وێران وگەمژەیی لە خەڵکی سادەوساکاریش بشارنەوە.
کاتێک باس لە ڕەکارەکانی توژینەوەی زانستی و ئەتەکەتی دانیشتن و

نانخواردن و چونەبەردەم دادگاو سەرۆک و مایک و هەندێک فەتەفەتی تردەکەن، ئەمانە نە بەهای خەیان دەزانن ونەهی زانستیش، چونکە لەبەرانبەر پیسبوونی ژینگەو جەنگ و قوربانییەکانی زەر خوێنساردو بە هەست و بە مەالەن.*
(کوشتاری عەراق وسوریا) و دەندایەتی داعش و بەرخەدانی رۆژئاواو شکاندنی داعش و دیلەکانیان و بەجێهشتنیان بە رۆژئاواو ئیدارەی خەسەری باشترین نمونەی درندایەتی و ناسەروەری یاسای سەرمایەداری رۆکخراوەکانێتی.
لە باشوری کوردستانیش، ئەمانە لە سەرەتای بانگەشەی بازاری ئازادو گلۆبالیزمدا بە مەکرو حیلەبازی و خێنواندنەکی لێنەهاتووەو باسی شنەبای دیموکراسی و نەمانی دونیای دیکتاتۆرەکانیان دەکرد، کەچی لە پەنای دیکتاتۆرە لەکاییەکانیانەوە، سەردەمە وەرانبووەکەی مرۆڤیان بەکرانەوەو دیموکراسی و تەکنەلۆژیا وچەرخی مۆبایل، ناودەبرد و چاویان لەو راستیانە دەنوقاند ژنکوژی دیاردەیەکی مەترسیداری ولات بووە، ئەم گەمژەیەتییە هەتا سەردەمی کۆرنانش هەربەردەوامە ..!
جارێک یەکێک لەم گەمژانە لە سوێدەکی عەشایەریدا دانیشتبوو، باسی پێشکەوتنی دونیاو دیموکراسی بە مەجلیسەکە کردبوو، گوتبوی : ئێستا دەوڵەتەکان پێشبەکییانە لە ناردنی مووشەکەکانیان بە سەرمانگ، ئامەزایەکم لەو مەجلیسە دانیشتبوو پێی گوتبوو:

- کاکە تە هێشتا لەسوێحی عەشایەریدا دانیشتووی ئەمە ئیستا ساروخمان بە نانەردرێتە سەرمانگ، با ئەم کێشەیەی سەرزەوی نەهێڵن. مەبەستی ئەوکێشە کەمەڵایەتییە بووکەی کەبونەوە.
بەهیوام کۆرنا بیرەک بەمرۆڤی زەحمەتکێش بکاتەوەو چیدی بە دوای قسەی بفدراوی سیاسی درۆزن و مەلای بەویژدان و هەڵوێری حزبەکان فریونەخوات و بە ئازایەتیەوە بڵێت : زانست ودیموکراسی وئاین بە تورەکی قوناوی ئاگر بەبەرژەوەندی گشتی نەبن .
- جارێکیان لەهەولێر لەکۆنفرانسێکدا بەیەکێک لەم ئەکادیمیە مەکربازانەدا تەقیمەوە کە قسەی لەسەردادگایی کردنی سەدام و رۆکارە نادیموکراسییەکەی دەکرد، تانانەت فەتەفەتی ئەوەشی کرد کە دادگای باڵای تاوانکان، پەڵەی کردووە لە بریاردان و لەوەش ئەنفالی بەجێنەساید ناساندووە.. عەجایەب ئەوەموو ئەکادیمیستە قاتلەبڕەی پایتەخت فزیەکیان نەکرد!! ئەمچییە کابرا دادوەری دادگای نودەوڵەتیی وئەکادیمییە ؟!

چۆن دەبێت قسە لەقسەی چاوشین وقژ زەردەکاندا بکرێ !

٣١ی ئازاری ٢٠٢٠ سلێمانی

…بەهای جیاوازییەکان و باجی جیاوازییەکان سەدیق سەعید وەندزی

بۆگومان هەموو جیاوازنووسینێك، بەهایەکی مەعریفی هەیە، بەڵام باجیشی هەیە.چونکە هەموو جیاوازکەوتنەوەیەك، ئاماژەیەکە بۆ دەرچوون لە بازنەی سواو و دەرکەوتنێکی نوێ. هەموو نوێیەکیش، لە هەر ڕووکەوە و لە سەر هەر ئاستێکەوە بێت، بە تۆندی لەلایەن ئەویتری کۆنەوە هەتدەکرێتەوە و دژایەتی دەکرێت. هەنگە ئەو دژایەتییە، زەمەنێکی درێژ بخایەنێت، وەلێ ئەوە سروشتی دینامیکییانەی ژیانە، کە دواجار هەموو کۆنێك بە سەر دەچێ و دەچێتە پەراوێزی مێژوو. بۆیە جیاوازییەکان چەند بەهایان هەبێت، هێندەش باجی دەرکەوتن و سەرهەڵدانییان هەیە. مەگەر گەران لە سەرەتاوە بە بەراورد لەگەڵ شێخ نوری و هەشید نەجیب، بە ناداهێنەرو لاواز نابینرا؟کەچی دواتر کامەیان بوونە ناو و دەنگ؟بەهای جیاوازییەکان، ناونیشانی کورتە وتارێکی سەباح هەنجدەری شاعیرە و لە ماڵپەڕی سەنگینی (دەنگەکان) بڵاوکراوەتەوە. شاعیر لەم کورتە وتارەیدا، بە چەند بۆچوونێکی پوخت و چڕ، لە بارەی بەهای جیاوازیی و ئەزموونی نالی و گۆران، کە دووشاعیری دیارو جیاوازی نێو ئەزموونی شیعری کوردین، دواوە.بۆگومان نالی، لە ئەزموونی شیعری کوردی، شاعیرێکی بێ هاوتایە.ئەزموونی شیعری نالی ئەزموونێکی دەوڵەمەندە لە بابەتە جیاوازەکانی شیعر لە ڕووی ئایینی و فەلسەفی و سۆفیگەریی وغەریبی وزۆر بواری دیکە. بە پێچەوانەی شاعیرە کلاسیکەکانی دیکە، کە دەکرێ بڵێین ئەزموونی شیعرییان لە ئۆبژێکتێکدا چڕ کردۆتەوە. بۆنموونە: شێخ هەزا بە شیعری هەجوو، حاجی قادر بە شیعری نەتەوەیی،مەحویی بە شیعریی سۆفیگەریی وبوون، مەولەوی بە ناتورالیزم، وەفایی بە هەگەزی

لیریك، كەچی نالی زۆرتر لە شوناسێكی شیعری هەیە، كە پێی دەناسرێتەوە. وەلێ هەمان ئەو نالییە داهێنەرە، شیعری مەستووڕەی ئەردەلانیشی نووسیوە. بە بۆای سەباح هەنجەڕی شاعیر، ئەو شیعرە لە ژێر كاریگەرییەتی ململانێكانی بابان و ئەردەلانەكان نووسراوە و نالی مەستووڕە دەكاتە فاكتەك بۆ لێدان لە ئەردەلانییەكان، بە تایبەتی كە خۆی لە ژێر قەڵەمڕەوی بابانەكاندا ژیاوە.
لە ڕوانگەی نووسەرەوە، ئەو شیعرەی نالی،تیرێكە و لە كەوان دەرچووە، نالی ئەوەندەی مەبەستێكی سیاسی هەبووە، ئەوەندە مەبەستی ئیرتیك و جەستەی مەستووڕە نییە، بە تایبەتی كە ئەو هەموو شیعرە ڕۆمانسییەكانی خۆی، لەسەر حەبیبە چێكردۆتەوە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە، نالی بۆچی شیعرێكی لەو شێوەیە دەنووسێت كە ئێستاشی لەگەڵدابێت، وەك پنتێكی ڕەش لە نێو پانتاییەكی سپی گەورە لە ئەزموونی نالی دەبینرێت؟ ڕەنگە هەر لە خودی ئەو كورتە وتارەوە بەو وەڵامە بگەین، ئەویش دەربارەبوونە. دەربارەبوون ڕیگەیەكە وەك ڕەنجەڕ وتەنی فریوت دەدا، تیرت پێ لە كەوان دەهاوێت، كە تیریش لەكەوان دەرچوو، گەڕانەوەی بۆ نییە. دەسەڵاتێكی ئاراستەكەر، لە پشت ئەو بیركردنەوە و ڕوانینی نالییەوە هەیە.
ئەم شیعرە، كە هونەرێكی جوانی لە دەربڕینی شیعری تێدایە، وەلێ یەكێكیشە لەو شیعرانەی دەكرێتە بابەتی لێدان لە نالی. ئەو كە شاعیرێكی دیارو داهێنەر بووە، چ پێویست بەوە دەكات، ئەزموونی جیاوازی خۆی، لە ژێر كاریگەریەتی میرانی بابانەوە، بەو شیعرەوە خەوشدار بكات؟كاتێ شاعیر دەكەوێتە ژێر هەژموونی ئایدیاو دەسەڵاتێكی دیاریكراو،ئەوا ئەوەی بە پلەی یەكەم باجی ئەو كەوتنە ژێر كاریگەریەتییە دەدات، ئەوا خۆی و ئەزموونەكەیەتی. مەگەر ئێستاش لە پەراوێزی ئەو شیعرەوە نالی بە چاوێكی دیكە سەیر ناكرێت؟یەكێكی دیكە لەو شاعیرە داهێنەرانەی كە نووسەر باسی دەكات، گۆرانە.
سەباح هەنجەڕ دەنووسێت:(گۆران بە وردی بیری نەكردۆتەوە، گەوهەری بابەتی نەناسیوە و كەوتۆتە ژێر كاریگەری ئایدۆلۆژیا). بڵگومان، ئەو ڕاستییەكە كە نا هونەرترین و لاوازترین شیعرەكانی گۆران بەبۆچوونی لێكۆڵەرانی ئەدەبی، ئەو شیعرانەن كە لە ژێر كاریگەرییەتی ئایدۆلۆژیا و بیری چەپ و چەپخوزای نووسیونی. كاتێ بەراوردی ئەو گۆڕانكارییە فیكرییە دەكەین لە ژیانی گۆران، دەبینین ئەو شیعرانەی بۆ سروشت و ئافرەت و جوانی نووسیوە، زۆر هونەریانەترن لەو شیعرانەی بۆ ئایدۆلۆژیایەكی دیاریكراو نووسینی. هەبەتە قسە لێرە لە سەر بیروڕای سیاسی نییە، كە مرۆڤ ئازادە لە هەبژاردنی، بەڵكو قسە لە سەر داهێنان و دەقی نەمرە كە

لە دەرەوەی ئایدۆلۆژیاوە دەمێنتەوە و نابێتە بەشێك لە مۆزوو.هیچ شتێك هێندەی ئایدۆلۆژیا،سیاسەت و دەربارێوون، لە بەهای شیعرو پیرۆزی شیعرو ئەدەبییات نادا.
کەم نین ئەو نووسەرو شاعیرە بە توانایانەی، ئەزموونی دیاری نووسینییان هەیە، بەڵام وابەستەییان بۆ ئایدۆلۆژیا بۆزراوی کردوون. لێرەدا، ئەو دەربارێوون و تۆر پێ لە کەوان هاویشتنەمان بۆ دەردەکەوێت، کە هەنجدەر لە نووسینەکەی باسی دەکات.داهێنان، بەرەنجامی هەوڵی تاکەکەسی و قووڵبوونەوە و ئامانە. گۆران بە تەنها، دابڕانێك لە نۆوان شیعری کلاسیك و ئازاد دروست دەکات. نوێکاری لە زمان دەکات و شیعری سەروادار دەستەوە. ئەزموونی گۆران، ئەزموونێکی تایبەت و شوناسێکی دیاریکراوی هەیە.شاعیرێکی داهێنەرە،بەڵام دەربارێوونی بۆ ئایدۆلۆژیا، وای لێدەکات، دیسانەوە تیری پێ لەکەوان دەرچێت. دیاریکردنی نالی و گۆران و قسە لەبارە کردنییان لەو وتارە کورتەدا، جەخت کردنەوەیە لە ناونیشانی وتارەکەی کە بەهای جیاوازییەکانە. چونکە هەموو جیاوازبوونێك، دەرچوونە لە بازنەی باو کە دواجار بەهایەکی تازەی هەیە.هەمیشە داهێنانیش، دەرەنجامی وانینی جیاوازو بیر کردنەوەی جیاوازە.زۆرجار تەمەن و مۆزووێکی دەوێت، تادەتوانین ئەو جیاواز کەوتنەوەیە دروست بکەین. نووسەر لە پەراوێزی وتارەکەیدا دەنووسێت:(جیاوازیبوون شتێکە تەمەنم لە پێناوی دانا،جەستەو ڕوحم بۆی تەرخان کرد، نەمویستووە لە شاعیرانی دەوروبەرم جیاواز بم،هەوڵمداوە لە ئەزموونی خۆم جیاوازبم).

سەباح هەنجدەر، چونکە بە ئەزموونێکی جیاوازی شیعرییەوە لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆك دەنووسێت، پتر لە هەموو کەس هەست بە بەهای جیاوازییەکان و باجی جیاوازییەکانیش دەکات.ئەو دەزانێت دەرچوون لە هەمووەکی،چ نەفرەتێکی لێ دەکەوێتەوە، دەزانێت چەند سەختە بتوانیت جیاوازبیت، وەلێ چەندیش گرنگە. شاعیرێك کاتێ هەموو تەمەن و ڕوحی خۆی بۆ جیاوازنووسین لەوانیتر تەرخان دەکات، باش لەو ڕاستییە گەیشتووە، کە جیاوازکەوتنەوە، بەرهەمی چ خەرمانەیەکی ڕۆشنبیریی گەورە و شەونخوونییەکی دوورو درێژیی خوێندنەوە و کتێبەکانە.بۆ ئەوەی جیاوازبنووسین، دەبێ تەمەنێك و ئەزموونێك تەرخان بکەین.دەبێ سەرەتا، لەبازنەی باو دەرچیت، دواتر هەوڵی بەرجەستەکردنی شوناسێکی تایبەتی بۆخۆت بدەیت و پاشانیش ئەو شوناسە درێژە پێ بدەیت تا لە کۆتاییدا ئەزموونێکی تایبەتی دەهێنسێ. هەموو کەسێك ئەو سەلیقە و بوێرییەی نییە تەمەن و ڕوحی خۆی بۆ جیاواز کەوتنەوە تەرخان بکات، بۆیەشە دەبینین

جیاوازنووسەکانمان کەمن.بەڵام نابێ ئەوەمان بیربچێت جیاوازکەوتنەوە، هەنگدانەوەی بیرکردنەوەی جیاوازو بیرکردنەوەی جیاوازیش، بەرهەمی مرۆڤی جیاوازە. بۆیە من لەگەڵ ئەو بۆچوونە نیم، کە شاعیرێك تەنها دەتوانێت لە ئەزموونی خۆی جیاوازبێت،بەڵام نەیەوێت لە شاعیرانی دەوروبەری جیاواز بێت!مەگەر جیاوازکەوتنەوە، هەنگدانەوەی جیاوازی بیرو بۆچوون و بیرکردنەوەی کەسەکان نییە؟.

من دەزانم شاعیر نایەوێت، بانگەشەی ئەوە بکات کە لە شاعیرانی تر جیاوازە، بێ ئەوەی کەسانێك ئەمە بە خۆ گەورەیی نیشاندان و شانازیکردنی ئەو بە ئەزموونی خۆیەوە نەبینن، بەڵام ئەزموونی شیعری ئەو،ئەزموونێکی هاوشێوەی ئەوانیتر نییە. من وەك خوێنەرێك، باوەڕم وایە ئەو ئەزموونە تەنها ئەزموونی ئەوە، بۆیە نە (رزگار جەباری و نەژیار ئەسوەد)یش ناتوانین وەك ئەو بیر بکەینەوە و دنیابببینین، وەك ئەوەی ئەو نووسیویەتی. مرۆڤەکان ئەگەر هاونزیکییان بە ئەندازەیەکی وەهاش بێت، کە لە یەکتری جیانەکرێنەوە، هێشتا پێنتێك بێ جیاوازکەوتنەوەیان هەیە. بۆیە کەسمان ناتوانین، وەك ئەوی تر بیر بکەینەوە و واقیع ببینین.هەر ئەو بیرکردنەوە جیاوازەشە دەبێتە دەسپێکی جیاوازکەوتنەوەی نووسەرێك لە نووسەرێکی دیکە. لە ڕاستیدا، سەباح هەنجدەر لەو کورتە وتارەی خۆیدا، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەیەوێت ئەوپەیامە بگەیەنێتە شاعیران کە ئایدۆلۆژییاو دەرباربوون، بکوژی شیعرن. چۆن ئایدۆلۆژییا، دەبێتە سەینەوەی بەهای جیاوازیەکان و جوانییەکان. بە نموونە وەرگرتنی هەریەك لە نالی و گۆرانیش، کە دووشاعیرو جیاوازی داهێنەری نێو ئەزموونی شیعری کوردین، جەخت کردنەوەیە لە هەژموونی ئایدۆلۆژییا بە سەر داهێنان و جیاوازییەکان وجوانییەکان. ئەمە بەو مانایە نییە،کە شاعیران و ئەدیبان، لە دەرەوەی واقیعی گەلەکەیان بژین، بەڵکو بەو مانایەی ئەدەب لە سیاسەت و ئایدۆلۆژییاو حزبایەتی، بەهادارترو گەورەترە، ئەمەشە مەبەستی ڕاستەقینەی نووسەر، لە کۆکی وتارەکەی. گریمان ئەگەر بابانەکان نەبووانە، نالی هەمان ئەو نالییە نەدەبوو؟ گۆران ئەگەر چەپ و کۆمۆنست نەبووایە، هەمان ئەو شاعیرە جواننووس وجواندڕست و سرووشت دۆستە نەدەبوو؟ کەواتە بۆچی دەرباربوون، تیرمان پێ لەکەوان بهاوێت.
لەڕاستیشدا وایە، کەم نین ئەو نووسەروشاعیرانەی لەو پەڕی توانا و لێهاتووی نووسین دانە و کەسانی داهێنەرن، کەچی تەنها لە پەراوێزیی وابەستەیان بێ حزبێکی دیاریکراو پەراوێز دەخرێن. ئەدەبیات بەگشتی و شیعریش بەتایبەتی، نابێ بخرێنە تای تەرازووی

سیاسەت، وەك ئەوەی بزورگی عەلەوی دەڵێت:(بەهەڵەی دابردووین).شاعیری دەربارو شیعری ئایدۆلۆژیا، زوو دەکەونە پەراوێزی مێژوو،بەهای مەعریفی و زەمەنییان نامێنێت. یەکێك لە خەسڵەتە دیارەکانی داقی داهێنەرانە ئەوەیە، کە نابێتە بەشێك لە مێژوو، بەڵکو لەهەر کات و زەمەنێکدا خوێنەر بگەڕێتەوە سەری، دەتوانێت بە مانای تازە و نوێ بگات. ئەوە بۆیە نالی دوای سێ سەد ساڵیش هێشتا هەر دەخوێنرێتەوە، چونکە شیعرەکانی لە مانا نەکەوتوون.گۆران ئێستا یەکێکە لەو شاعیرانەی، لە سێ بەشی شاعیرە گەنج و سادە نووسەکانی ئێستا،زۆرتر دەخوێنرێتەوە.گۆران و نالی، جیاوازنووسن وەك ئەوەی هەنجدەر باسی کردووە، هەر ئەو جیاوازنووسینەش، هێزو وزەی مانەوەی مێژوویی و زەمەنی بەو دووشاعیرە داوە.جیاوازی، کردارێکە هەنگە دژایەتی بکرێت، هەتبکرێتەوە، خۆی لێ ببواردرێت و نەبینرێت،هەوڵی بۆ بەهاکردنی بدرێت، وەلێ دواجار، وەك تەوژمی ئاوێکی بە خۆ،ەوی خۆی دەدزێتەوە و بەربەستەکان تێك دەشکێنێ و دەواو…

واندز نەورۆزی 2020

لە پەراوێزی تێگەیشتن لە زمان ناودار زیاد …

زمان کۆرستەیەکە بۆ دەربڕین و، هەکار و ئامازێکە بۆ لێکتێگەیشتن، هەر لەبەرئەمەیە بۆ دیاردەیەکی مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتیەکانیش بەردەوام لە گۆاندان، بۆیە زمان پێدراوێکی نێگۆ و چەقبەستوو نییە و، هیچ کاتێکیش ناگاتە پلەی تەواوەتی و کامڵبوون و پێگەیشتنی ەها، بەڵکو بەپسانەوە بەهەی دەسکاری و سەربارخستنەوە شەو و ناوەێك و واتا و دەلالەتکانی لە بزاوت و پشقچوونداین. بەام ئایا زمان هەر ئەوندێیە و بەس؟ بۆ ئەوەی تیشکێك بخینە سەر ەی زمان و، سەرنجی بەشێك لە ئەفسوون و خسەت و تواناکانی بدین، لەم نووسینە کورتدا هەندێك لەم تابلۆ قشەنگە ادەمنین. مرۆڤ لە ەوتی بەرەوپشچوونی ژیانی خێدا پێش ئەوەی نووسین و

تەمارکردن دابەنەت لەگەڵی کولتورەکی زارەکییەوە ژیانی کەمایەتییانەی خۆی ڕەکدەخست. کولتوری زارەکیش پشت بە گۆرانوەی دەماودەم و پشتاوپشت دەبەستەت( ). لە گۆرانوەی زارەکیشدا حیکایەتخوان، چیرۆکبێژ، یاخود بوێژ دەبەت زۆرباش دەرفەتی زمان بەت، خۆشی درک بەوە دەکات ئەوەی وا دەکات گوێی لێ ڕابگیرەت ئەوەیە کە تا چەند تاقەتی بەسەر وشەکاریی و ڕستەسازی و دەربەیندا دەشکەت و، چەن دەتوانەت لە ڕێی سیحری گۆرانوەوە گوێگرانی ئەبەق و سەراسیمە بکات. ئەمە دواتر لە نووسینیشدا ڕەنگدەداتەوە، هەر بۆیە دەبینین ئەوەی کەسێک دیکەتەوە یاخود دەینووسەت، هەمان شت کەسێکی تر بەجۆرێکی جیاواز دیکەتەوە یاخود دەینووسەت، ئەوەی دەقاودەق و وەک خۆی دیکەتەوە و باسیدکات بە ئەزبەرکردن و لاساییکردنەوە ناودەبرەت و خواستراو نییە. هەر ئەمەش وا دەکات هیچ دوو کەسێکی هەمان زمان، هەمان زمان وەک یەک بەکارنەهێنن. تەنانەت جیاوازی لە گەکردنی وشەکان ئەم گریمانەیە پشتڕاست دەکاتەوە. بەوپێیەی زمان بە تووندی بە هەست و بیر و ئەندێشە و تێگەیشتنی مرۆڤەوە گرێدراوەتەوە، هەر مرۆڤێکیش مەشک و بیرکردنەوە و هەستی جودا و سەربەخۆی خۆی هەیە، بۆیە دەربەینی ئەم هزر و هەست و بیرکانە لەووی شێواز و قاڵبەوە لە کەسێکەوە بە کەسێکی تر دەگۆڕەت.

مرۆڤ بەدرێژایی قۆناغەکانی گەشەسەندنی تەمەنی، وردە وردە درک بەوە دەکات کە بەشێک لە بوون و ناسنامە و ئەوەتی و کەسایەتی و حزور و پێوەندییەکانی لەگەڵی زمانەوە شکڵدەگرەت. لەناو بەرهەمە ئەدەبییەکاندا کەمیان وەک کتێبی (داغستانی من)ی شاعیری گەورەی داغستان (ڕەسوڵ هەمزەتۆف) (١٩٢٣-٢٠٠٣) هەوڵستیان لەسەر زمان و بایەخی زمان کردووە، ئەوەتا لە پاژی تایبەت بە زماندا لە زاری (شامیلی گمری) پێشەوای شۆڕشگێڕانی داغستانەوە دەڵێت: "دەبەت زمانەکەمان وەکو زگمان بپارێزین". ئەمە بۆ واتایە دەت چەن مرۆڤ ورگی لە برسەتی و جەستەی لە زەبر و پەلامار دەپارێزەت بۆ شەوێ دەبەت پارێزگاریی لە زمانەکەی بکات. لە شوێنکی دیکەی هەمان کتێبدا دەڵێت (حاجی موراد)ی موریدی (شامیل) وتوویەتی: "وشە وەکو گوللە وان، خەساریان مەکەن"( ). وەک چەن گوللە دەبەت لەکاتی پەویستیدا و بە پێکانی ئامانجێک بتەقێندرەت، مرۆڤیش دەبەت بۆ جۆرە زاری هەبێنەت.

لێرەدا دەچینە لای فەیلەسوفی نەمساوی (لودڤیک ڤیتگنشتاین) (١٨٨٩-١٩٥١). ئاخر هیچ فەیلەسوفێک وەک وی دەستی بە وشەوە نەگرتووە.

(ڤیتگنشتاین) دەڵێت وتن فەرمی هەیە و ئەم فەرمەش مانای هەیە. واتا ئەوەی فەرمی وتن دیاریدەکات ماناکەیەتی. بەڵام ئێگەر بپرسین مانا چۆن بەرهەمدێت؟ لە وانگەی (ڤیتگنشتاین)ەوە ئەوەی مانا بەرهەمدێنێت فاکتە. کەواتە مانا لە وتندا بەرجەستە دەبێت و، وتنیش وێنە یاخود مۆدێلێکە لە فاکت. بەمجۆرە سنورەکانی زمانی هەر کەسێک مانای سنورەکانی جیهانی ئەو کەسەیە. لێرەوە ئەو وتە بەناوبانگەی (ڤیتگنشتاین) دەخوازین کە دەڵێت: "ئەوەی مرۆڤ ناتوانێت قسەی لەسەر بکات، لەوبارەیەوە پێویستە بێدەنگ بێت". ئەمەش دەمانبات بەرەو پرسی ئابوریی زمان، چونکە ئابوریکردن لە قسەکردندا یەکێکە لە باوەڕەکانی فەلسەفەی لۆژیک. لەم سەنگەیەوە هەر درۆژدادەی و زەر وتنێک دەبێتە هەی دووركەوتنەوە لە ئامانج و مەبەستی قسەکردن( ). هەرچەندە فەیلەسوفی مەزن (مارتین هایدیگەر) (١٨٨٩-١٩٧٦) زمان وەک تاکە بواری لێکدانەوە و تێگەیشتن دادەنێت. پێیوایە ئەمە ئەو کاتانەی کە قسەش ناکەین و هیچ ناڵێین، ئەوا هەموو ساتێک و بەپسانەوە بەشێوازێک دەدوێین، جا لێگەڕێ خەماندا بێت یاخود لە ڕێگەی ئەو کردەیەوە بێت کە ئەنجامی دەدەین، چونکە پێیقین یاخود دووان سروشتی مرۆڤ. تا ئەو ڕادەیەی هەر شتێک لەم گەردوون و ژیانەدا بێت: پێکەرێک، پارچە مۆسیقایەک، درەختێک، کایەک... تاد هەموو ئەمانە لە چوارچێوەی زماندا جەدەگرن. بەم جۆرە لای (هایدیگەر) دازایین (Dasein) واتا بوون دەکەوێتە ناو زمانەوە( ).

لای باوکی هەرمەنیتیک (شلایرماخەر) (١٧٦٨-١٨٣٢) دوو جۆر لێکدانەوە بە واتا زمانەوانییەکان هەن، ئەوانیش: لێکدانەوەیەکی ڕەزمانی یاخود دەستوریی، کە بەپێی ئەم لێکدانەوەیە واتای هەر دەربڕینێک لەناو ئەو زمانەدایە کە لە کەڵەگەدا بەکاردێت. لەگەڵ لێکدانەوەیەکی دیکە کە هونەریی یاخود دەروونییە، ئەمەش پێیوەندیدارە بە ژیانی شەخسی هەر کەسێکەوە لەووی فیکری و دەروونییەوە( ). کەواتە هەم واتای دەربڕین و گوزارەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت، زەربەی جار ئەمە لە پێندی پێشیناندا دەبینینەوە، هەم تاکو دەخی دەروونی تاکەکەس جێگیرتر بێت و ئاستی فیکری و مەعریفی بەرزتر بێت ئەوا زمان لای ئەو کەسە باڵاتر و هونەریتر دەردەکەوێت. هەرچەندە نابێت ئەوە فەرامۆش بکەین کە واتای وشە دیاریکراو و سنوردارە، هەروەکو دەبینین فەیلەسوفی ئەمەریکی (جان هرش) دەڵێت زمان لەسەر دوو کەڵەکەی بنەڕەتی ڕاوەستاوە: یەکێکیان واتاییە، کە هیچ کاتێک گۆڕانی بەسەدا نایێت. بەڵام لەڕەدا گرنگی پایە و ستوونەکەی دیکەی زمان

دەردەکەوێت کە بڕیتییە لە مەبەستە دڵاڵییەکەی زمان، چونکە قسەکردن و وشە و زمان بەپێی کات و شوێن و مەبەست و نیەتی قسەکەر گۆڕانی بەسەردا دێت. سەرباری ئەمە فەیلەسوفی فەڕەنسی (پۆل ریکۆر) (١٩١٣-٢٠٠٥) کاریگەری میتافۆرەیش زیاد دەکات، چونکە بە تێڕوانینی (ریکۆر) میتافۆرە ئەو شتانە دەردەبڕێت کە بە شێوازی تر شیاوی دەربڕین نین، لە نموونەی قسەی نەستەق و پەندی پێشینان و شیعر و ئەدەب و ئایکۆن و ئیمەجییەکان و... تاد( ).

لێرەدا پرسیاری پەیوەندی سروشت و پێکهاتەی جەستەیی مرۆڤ لەگەڵ زماندا دێتە پێشەوە، بە تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان مێشک یاخود جەستە لەگەڵ زماندا پەیوەستە بچینە لای لقە-زانستی سەیکۆلۆجیا و فسیۆلۆژیای مێخ. بەوەندە ئیکتیفا دەکەین لا لە سێ تیۆرەی گرنگ بکەینەوە کە سروشتی پەیوەندی نێوان زمان لەگەڵ هزر یاخود مێشکدا ڕاڤە دەکەن: تیۆرییەک پێیوایە هیچ پەیوەندییەک لەنێوان زمان و هزردا نییە، چونکە سروشت و فەرمانکانیان جودایە. هزر لە مانا و قسە و وشەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، لەکاتێکدا سەرکیترین فەرمانی ئاخاوتن و زمان بڕیتییە لە گەیاندنی هەزریی لەنێوان تاکەکەسەکاندا. بەڵام تیۆرییەکی دیکە دژایەتی هزر لە زماندا تواوەتەوە، چونکە هزر زمانێکی بێدەنگە و، لە زمان دانابڕێت – ئەم تیۆرە نزیکە لە بۆچوونەکانی (هایدیگەر)ەوە دەربارەی زمان، کە پێیوایە دازایین (بوون) لەناو زماندایە- کەتا تیۆرەش لەنێوان هەردوو تیۆرەکەی پێشووتردا ڕادەوستێت و پێیوایە پەیوەندییەکی ڕێژەیی لەنێوان هزر و زماندا هەیە، واتا هەردووکیان وابەستە و گرێدراوی یەکترن، بەجۆرێک کەسێک کە مێشکی بەهێز و بەهرەمەند بێت ئەوا زمانی پەگەیشتووتر دەبێت. کەسێکیش کە لاە بێت یاخود نەخۆشییەکانی دیکەی جەستەیی هەبێت، ئەوا هەرچەندە لەووی هزر و مێشکەوە بتوانا بێت، بەڵام لە زماندا گرفت و کەسپی بە دروست دەبێت( ). لێرەدا فیزیکزان و گەردوونناسی بڕیتانی (ستیفن هاوکینگ) (١٩٤٢-٢٠٠٨) نموونەیەکی بەرچاوە، کە سەرباری نەخۆشی بەهێزی ماسولکەکان و نەبوونی توانای قسەکردن و نووسین و جووڵە، بەڵام لە داهێنانە مەعریفی و زانستییەکانیدا گەیشتە لوتکە.

وەای ئەوە، ئەمە لە زماندا ڕووبەڕووی گرفت و کێشەیەکی دیکەش دەبینەوە: مرۆڤ زەرجار بەئەوەی مەبەستی هەبێت و خەی بخوازێت دەکەوێتە ناو هەڵە تێگەیشتنەکانی خەیاوە، ئەوەتا ڕەبەری ڕۆحی تبتییەکان (دالای لاما) (١٩٣٦-) دەڵێت: مامەڵەکردنمان لەگەڵ وشە و زماندا دەبێت بە وردی و وریایی بێت چونکە زەربەی کات تێگەیشتنی

چەوت و هەڵەی خەمان لە شت و دیاردە و ڕووداوەکان دەهێنێ سەر زمان، بۆئەوەی کە مەبەستمان گواستنەوەی هەڵە و چەوتیی تێگەیشتنەکەمان بێت. بە ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم بیرکردنەوەیە بەسەرهاتێک دەگێڕمەوە: ڕۆژێک لە ڕۆژان کابرایەک چاوی بە ماسیەکی گەورە دەکەوێت. خەڵکێک لێی دەپرسن: ماسیەکە چەندە گەورە بوو؟ کابراکە هەم بە وشە و هەمیش بە سیما پێیان دەڵێت کە ماسیەکی گەورە و زۆبەڵاح بووە. خەڵکەکە بەم وەڵامە ڕازی نابن و دیسان پرسیاری لەدەکەنەوە کە ماسیەکە چەندە دەبوو؟ ئەمجارە کابرا لە وەڵامدا دەڵێت ماسیەکە گەورە بوو، بەڵام زۆریش نا. خەڵکەکە بە پێداگرییەوە داوای لەدەکەن پێیان بڵێت کە ماسیەکە بەدیاریکراوی چەندە دەبوو؟ پیاوەکە بەناچاری دان بەوەدا دەنێت کە ماسیەکە هێندەش گەورە نەبووە!( ). ئەم بەسەرهاتە ئەوە دەڵێت کە لەڕاستیدا پیاوەکە لە سەرەتاوە نێویستووە درۆیان لەگەڵدا بکات. تەنیا بۆئەوەی بیر لە قسەکان بکاتەوە، یەکسەر وەڵامی پرسیاری خەڵکیی داوەتەوە.

نۆک تەنها ئەوەندە، بەڵکو بیرمەندی ئەمریکی (نوام چۆمسکی) (١٩٢٨-) پێردەی لەووی هەهێنەدی دیکەی زمان لاداوە، ئەوەتا (چۆمسکی) باوەڕی وایە سەرباری ئەوەی زمان بە پێیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کارلێکە کۆمەڵایەتییەکانەوە گرێدراوەتەوە، کە بریتییە لە گۆیاندن، بەڵام لە هەموو ڕەگەزەکانی دیکەی سیستەمی پێکهاتەیی مەعریفیی مرۆڤ ئاڵۆزتر، بۆیە وەڵای کاریگەری کولتور و بەماوەیی و ئەو ژینگەیەی لێی پەروەردە دەبێت، کەچی مرۆڤ لەژێر ڕۆشنایی بارودۆخ و ڕووداوەکانەوە بیردەکاتەوە. هێندەکجار ناتوانرێت بیرکردنەوەکان لە ڕێگای وشەوە گوزارشتییان لێبکرێت، بۆتایبەت ئەوکاتانەی شتێک دەبینین دوور لە چاوەوانی و پێشبینییەکانمانە. زۆرجاریش مرۆڤ شتێک دەڵێت کەچی ئەوەی بیرکردنەوە و مەشکی دەرناچێت( ). لە هەندێک دۆخیشدا مرۆڤ شتێک دەڵێت بە ئەوەی شتێکی دیکە بشارێتەوە و نەیەوێت یاخود سەرنجەکان بەلادا ببات. ئەمە زۆرکات لەکاتی دادگایی و لێپرسینەوە و ڕاوێژی لێکۆڵینەوەکاندا بەدیدەکرێت.

هەندێک پێیانوایە زمان دەبێت ڕاستگۆ و پاک و پاکتیی بێت، بەو واتایەی بەدوور بێت لە وشە و چەمک و دەستەواژەی بیانی و زمانەکانی تر. ئەم بۆچوونە لە باوەڕێکی ناسیونالیستی پێگیرەوە سەرچاوەدەگرێت، دەنا هیچ زمانێکی زیندوو نادزیتەوە کە هەڵگری وشە و چەمک و دەستەواژەی زمانەکانی دیکە نەبێت، ئەوەتا بیرمەندی

ئەرانی (داریوش ئاشوری) (١٩٣٨-) لە گفتوگۆیەکدا کە (عەلی ئەسغەر سەید ئابادی) لەگەڵیدا سازیداوە باس لە پێوەندی نێوان زمانە مەدەرنەکان و زمانەکانی پێش مەدەرنە دەکات، تاکە جیاوازی نێوانیان بە کرانەوەیانەوە گرێدەدات، پێیوایە زمانێک ئەگەر نەتوانێت مانا و مەبەستی نوێ قبوڵ بکات و، هەوڵی خواستن و هێنانە ناوەوەی وشە و زاراوەی نوێی زانستی بە ناو زمانەکەی نەدات، ئەوا وەک زمانێکی بەستوو یاخود لەنگ و ناتەواو دەمێنێتەوە. لەپاڵ ئەمشدا زمان کاتێک بەرەو گۆشەسەندن و بەرفراوانبوون دەڕوات کە زەین و ئەندێشە و خەیاڵی تاکەکان بەرەو کرانەوە و مەدەرنبوون بڕوات، بەو واتایەی بە زەین و تێگەیشتن و ئەندێشەی مەدەرن زمانێکی مەدەرنیش نابێت( ).
لە کۆتاییدا، بە هاوتەریبی فیلەسوفی ئەڵمانی (یۆرگن هابرماس) (١٩٢٩-) کۆتایی بە بابەتی زمان دێنین، بابەتێک کە سەدان کتێب هەڵدەگرێت. (هابرماس) ئەرکی زمان تەنها لە دەربڕین و گوزارشتکردن و نیشاندانی وێنە و وەسفکاریدا کورت ناکاتەوە، بەڵکو ئەرکداری دەکات بە گەیانی ئەو پێوەندیکاریی، ئەمەش بە توانای ڕاڤەکاریی زمانەوە دەبەستێتەوە، بە ئامانجی پێبردن بە هەموو مەبەست و دەلالەتەکانی زمان، هەموو ئەو مەبەست و دەلالەتانەی کە لە پشتی ئەو گوتە و کردارانەوەن کە زمان کاتێک گوزارشتیان لەدەکات ناتوانێت پێیانمکەیان بگەیەنێت، یاخود بە ئاماژەیەکی دیاریکراوی مەبەستداردا پاڵیان پێوەدەنێت، بەڵێ ئەرکی زمانە لە سەرەتادا هەوڵی تێگەیشتنی سەرتاپاگیر و فرەهەند بدات، تاکو لە ناکۆکی و ناڕوونی بەدوور بێت. بەڵام تەنها لەرەدا ڕانەوستێت، بەڵکو زمان لەسەریەتی ئەڵێی ڕزگاریخوازییش بگەڕێت، بەتایبەت کاتێک بە چارەسەرکردنی گرفتکان بکاردێت، ئەمەش بەدینایێت تەنها بە گفتوگۆ و دیالۆگی کراوە و ئازاد و بەردەوام نابێت( ).

ئەو دەڤەت و دەسەڵاتن کە موبادەرکانیان لە خۆکی

سەندتەوە*... زاهیر باهیر

ئافاتی کەرتنا وای کردوە کە خەڵکی تا ڕادەیەك لە ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانیانا و ڕەکخستنەوەی ژیانی خۆیان و دەوروبەریشیانا، متمانە بکەنە سەر خۆیان.
ئەم چەند نموونەیەی خوارەوە ئەوە نیشان دەدەن کە خەڵکی بە داهێنانکانیان ئەو دەسەڵمێنن گەر سەرچاوەکانی سامانە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکانیان لە چنگا بێت زەروورباوونی دەوڵەت و دەسەڵات پاساوەکی نامێنێت.
ئەمانەی خوارەوە تەنها چەند داهێنانکی خەڵکییە لە شوێن و وڵاتانی جیاوازدا :

• لە بریتانیا بە هەزارەها گرپی هاریکاریی بە بڕانبەریی دامەزراون، Mutual Aid، لە یارمەتیدانی خەڵکانێك کە پێویستیان بە یارمەتی هەیە.

• لە شاری ووهان-ی چین کە لەوەو گوایە کەرتنا سەریدەرهێناوە ، پاش ئەوەی کە دەوڵەت قەدەخەی ئامرازەکانی هاتوچۆی کەرتی دەوڵەتی کرد تاکو هەموو کەس لە ماڵەوە بمێننەوە، خەڵکەکەی هاتن قیتاری سەیارەیان دروستکرد لە گواستنەوەی خەڵکیدا بە خەستەخانەکان و هێنانەوەیان.

• لە شاری جیهانسبەرگی جنوبی ئەفریقا خەڵکی هاتن تیمی تاقمی پێداویستییەیتییان دروستکرد بە یارمەتیدانی ئەو خەڵکانەی کە خانوویان نییە ، واتە لە چواردیواری بێناو خانوویەکی لە تەنەکە و مقەبا و پوشوو و پێڵاش دروستکراودا دژین. لەو پێداویستیانە : دیتنەی تێعقیمکردنی دەست ، کاغەزی تەوالێت ، بتڵی ئاوی پاك و خواردەمەنی. لە شاری کەیپ تاون ئەوانەی کە شارەزاییان لە کاروباری نەخشی چارەسەرکردندا هەبوون گروپیان دروستکرد لە گەڵ شوێندا، گەر کاتێك کە خەستەخانەکان پڕ بوون و نەیاتوانی چی تر نەخشە وەرگرن ، ئەمان بە دەوری خۆیان ئەو کارە ئەنجام بدەن .
• لە ئەمریکا گروپ بە یارمەتی کارمەندانی دکتەر و نەرس خەستەخانە، دروستبووە، کە خۆیان وەختیان نییە تاکو پێداویستییەکانی خۆیان دابین بکەن . هەر لەوە مندااڵێکی 8 ساڵان گروپێکی دروستکردووە کە یارییەکان نیشانی منداڵان دەدات و بە یەکەوە دەیکەن . گروپی دیکە دروست بووە تاکو یارمەتی منداڵانی ئەو دایك و باوکانە بدات کە کە باوك و دایکیان زەر سەرقالی کاری

دیکەن.

• لە نەرویج گروپێك لەوانەی کە لە کەرنا چاکبوونەتەوە درووستبووە بە یارمەتیدانی خەڵکی کە ئەو کارانە بە خەڵکانێك کە تا ئێستا ساغن ناکرێت چونکە مەترسیدارە بۆئەوان کە بیکەن و لە کردنیا هەنگە توشی کەرنا ببن.

• لە بولگاریا گروپ دروستبووە بە پێدانی کۆفی بەیانیانا و هەروەها بە قسە یارمەتیدانی کەسانێك کە گرفتیان هەیە. ئەو کارەش بە ئینگلیزی پێی دەڵێن counselling . لە پراگ گروپێك لە قوتابیان دروستبووە کە لای منداڵانی دکتەر و نەرس و کارمەندانی خێستەخانەکان دەمێننەوە کە خەیان لەسەر کارن .

• لە شاری دوبلن لە ئیرلەندە لە بلەکۆك خانوو یاری ' بینگۆ' کە پێی دەڵێن " balcony bingo " لە هەگای فەیسبووکەوە دروستکردوە کە بە هەزاران کەس تیایدا بەشدارن .

• لە شاری بریستۆ-ی بریتانیا گروپێك لە ئافرەتان دروستبووە کە کاریان پێداکردنی داوودەرمانە بە ئەو کەسانەی کە ناتوانن لە ماڵەکانیان بێنە دەرەوە.

• لە لاتیڤیا بە هەمان شێوە گروپی جیا جیا دروستکراون بە مەبەستی جیا جیا.

• لە وڵاتی فلیپین دیزاینەری پێشاک دوکانەکەی گۆیوە بە دروستکردنی پێداویستیەکانی خەپاراستن لە پەتای کەرنا.

• لە یەك هەفتەدا گروپێك لە دکتەر و تەکنیشنەکان و پسپۆران توانییان لە ماوەی هەفتەیەکدا جیهازی هەناسەوەرگرتن و بوژانەوەی سییەکان دروست بکەن کە تەچونی تەنها 370 دۆلاری ئەمریکییە بە هاوکاری کەمەنتییەکان.
*ئەم زانیارییانە لە وتارێکی نوسەر و چالاکوانی ناسراوی ژینگە George Monbiot کە لە ڕۆژنامەی گاردیانی 31/03/2020 ، وەرگیراوە بۆ تایتڵی وتارەکەی ئەو جیایە .

01/04/2020
Zaarifbaher.com

داعش یان ئیسلام بە ئەرسەدکسی؟ … نووسینی: ستیڤان شەمزینی

رەنگە هیچ ناوێک هێندەی داعش "دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام" لەماوەی ئەم دوو ساڵەی دواییدا، نەبووبێتە مایەی تەئامان و جێگەی باس و خواسی هەمەلایەنە چ لەسەر ئاستی میدیا و ناوەندەکانی سیاسەت، چ لەسەر ئاستی گەلەری و میللی. ئەگەرچی گۆشەنیگاکان لەمەڕ تەفکرین و خوێندنەوە بە خودی داعش و ئامانجەکانی ئەو تەوژمە تیرۆریستییە لەک جودان، بەڵام دەکرێت خاڵی ناوکەیی و بنەڕەتی هەموو ئەو شرۆڤەکان لەوەدا یەکبگرنەوە کە زەرینە کەکن لەسەر ئەوەی ئەم گروپە تیرۆریستییە دژی هەموو بەها مرۆیی و مودێرنەکانی ژیانی هاوچەرخ و دژیوە گالیسکەی مێژوو بە سەدە تاریکەکان بگێڕنێتەوە.
ئەم ڕەکخراوە ئەگەرچی نوێباوە لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی و واقیعی کەمەڵایەتی، بەڵام ئەو دنیابینییەی داعش نوێنەرایەتی دەکات، زۆر دێرینە و تەمەنێکی چەند سەدەیی تێپەڕ کردووە. لە باری واقیعییەوە ڕەکخراوێک بە ناوی "دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام" بە دوای ڕووخانی ڕێژەمی عێراق و سەدام لە نیسانی 2003 دەگەڕێتەوە، واتە هاوزەمان لەگەڵ گواستنەوەی شەڕی شانە و تەڵە تیرۆریستییەکان بە ناوەڕاست و باشووری عێراق و پارچە پارچەبوونی ئەلقاعیدە، ئەم گروپە لە ناو کەشکی پە تیرۆر و خوێناویدا سەرهەڵدەدات.
ڕەگوڕیشەی ئەم گروپە دەگەڕێتەوە بە ڕەکخراوی (التوحید و الجهاد) بە سەرپەرشتی (ئەبو موسعەب زەرقاوی)، لە ئەکتەبەری هەمان ساڵ پاش بەرفراوانبوونی چالاکییەکانیان و بەیعەتدانیان بە(ئوسامە بن لادن) و وەرگرتنی ڕەزامەندیی لایەن قاعیدەوە، ناوی خۆیان گۆڕی بە ڕەکخراوی (القیادة الجهاد فی البلاد الرافیدین) و بوونە باڵی قاعیدە لە عێراق. ساڵی (2006)دا (ئەبو موسعەب زەرقاوی) لە ئەنجامی بەردوومانی فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمەریکا لە باکووری بەعقوبە کوژرا، هەر ئەوکات (ئەبو ئەیوب میسری) ناسراو بە (ئەبو حەمزەی مهاجر) شوێنی گرتەوە. پاشان لە 15-10-2006 ئەم ڕەکخراوە بەیاری خە ڕەکخستنەوە یاندا لەچوارچێوەی فەرمەکی نوێتردا خۆیان بەناوی (دولة العراق الاسلامیة) ڕاگەیاند و (ئەبو عومەر بەغدادی)

کرابێ ئەمیری ڕەکخراوەکە.
لە بەرواری 19-4-2010دا لە ڕەی ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنکی هاوبەشی هێزەکانی ئەمریکا و سوپای عێراق (ئەبو عومەر بەغدادی و ئەبو حەمزەی مهاجر) پێکەوە لە بەغداد کوژران. دە ڕۆژ پاش کوژرانیان، ئەنجوومەنی شورای دەوڵەتی ئیسلامی لە کابوونەوەیەکی نائاسایيدا بەیاریدا (ئەبوبەکر بەغدادی) دەستنیشان بکات، وەک ئەمیری نوێی ڕەکخراوەکە.
هەر دوای تێکچوونی بارودۆخی ناوخۆیی سوریا و بەرپابوونی شۆڕشی چەکدارانە بە مەبەستی ڕووخاندنی ڕێژەمی ئەسەد، (ئەبو بەکر بەغدادی) خۆی گەیاندە سوریا و هەر لەوە چاوی کەوت بە کەسایەتییە دیارەکان و باڵە جیاکانی دیکەی ڕەکخراوی قاعیدە لە و وڵاتەدا، بەتایبەت (الجبهة النصرة). بەغدادی پێشنیاری یەکگرتنی گروپە جیهادییەکانی بە (ئەیمەن زەواهیری، ڕابەری ڕەکخراوی قاعیدە) بەرزکردەوە لە سوریا و عێراق. دوای دوو مانگ لەم پێشنیارە (زەواهیری) ڕەزامەندیی نیشاندا، بەم چەشنە لە بەرواری 9-4-2013 لە ڕەی تەمارکی دەنگیەوە (بەغدادی) ڕەکخراوی (الدولة الاسلامیة فی العراق و الشام- داعش)ی ڕاگەیاند.

پاشتر بەهۆی لاوازبوونی ریژەم لە سوریا، توانیان سەرتا چەند ناوچەیەکی ستراتیجی لە سوریا داگیر بکەن و شاری "ڕەقە" بکەنە پایتەختی خەلافەتکەیان، دواتریش بەهۆی لاوازیی حکوومەتی نوێی عێراق بە سەرکایەتی "نوری مالیکی" توانیان چەند شارێکی گەورەی وەک موسڵ و تکریت و بەشێک لە پارێزگای ئەنبار و دیالە و کەرکووک بگرن، هاوکات بەرەو ناوچە کوردستانییەکانی وەک شەنگال و جەلەولا و مەخموور و گوێ پێشەویی بکەن. لە ئێستادا داعش قەڵەمڕەوی هەیە بەسەر ناوچەیەکی فراوان و ستراتیجی لە هەردوو وڵاتی عێراق و سوریادا و لە شێوەکی قورس و یەکلاکەرەوەشدایە لەگەڵ سوپای عێراق و پێشمەرگە لایەک و هێزە ئاسمانییەکانی وڵاتانی هاوپەیمانی ڕۆژئاوایی بەتایبەت ئەمریکا، لایەکی ترەوە.
ئەوەی ئەمە گرنگمانە لێرەدا قسەی لەسەر بکەین، هەوڵ و شەوازەکانی دروستبوونی ڕەکخراوی داعش نییە، هەروەک چۆن نامانەوێ گریمانەی سەرەنجام و کۆتایی ئەو ڕەکخراوەش بکەین. جگە لەوەش نامانەوێ باسی ئەو گەمە ناوچەیی و نەودەوڵەتییانە بکەین کە لە شێوەی داعشدا هەیە، هەروەک چۆن ئەوەی جگەی باسی ئەمە نییە ئەو سیناریۆیانەش لە پشت هاتنە ئارای ڕەکخراوەکی تەرەیستی وەک داعش هەیە. ئامانجی ستراکتەری ئەمە بریتییە لە بەراووردکاریی لە نێوان ڕەفتار و کردەوەکانی داعش لەگەڵ دەقە ئاینییەکانی ئیسلام و

ئازمووني چند سدیی دسدااتی ئیسلامی، چوونکه هندک دیانوو ئو مامدد قانی داعش و تاوانکارییکانیان بخنه دروی چوارچوی ئیسلام.
ئمه لردا بگی ئوه دخینه روو، مامدی داعش و تاوان و کاولکاریی و رفتاره هقانکیان شتکی نامه نییه لناو مژووی ئیسلامیدا، تنانت شتکی نامه نییه به تکستی قورئانییکان. تنانت نامه نییه به هسوکوتی ئیسلام له پغمبروه تا هنووکه. به پچوانوه زربیان له میانی دسااتی خلافتی ئیسلامیدا پیاده کراون، رنگه داعش رکخراوکی نوه نبت له بواری داهنانی کوشتن و بینداا، بقدر ئوی هزکی تازیه که نونرایتی عقییت و مامدیکی نامرقانی زر دریتر دکات. هربیه من داعش به دیاردیکی تازه نابینم له مژووی ئیسلامیدا، بقد ئوی زینددوبوونوی رحکی ورانکاره که بارگاویه به رحی ئیسلامگریی.
ئگر ئمه سیری قورئان بکین، وشی "کوشتن- قتل" بهموو مانا و رهندی جراوجرکانییوه 174 جار دووباره بتوه، بام وشی "نوژ" که یککه له سرکیترین کدکانی ئاینی ئیسلام تنیا 99 جار دووباره بتوه. یک ئایت هیه که رژووی کردووه به یککک له روکنکانی ئیسلام و سانه ملونان موسمان یک مانگ بژوو دبن، بام دیان ئایت هیه که هانی کوشتن و خونشتنی ناموسمانان ددن، چندین ئایت هیه جیهاد و کوشتاری کرتی یککک له بنماکانی ئاینکه. بیکا لم روانگوه دتوانین بین خودی ئاینکه ئوندی بواری تدایه به توندوتیژیی و سینوی بنربر، به چارگی ئوه زمینی پکوژیان و یکتر قبوکردن و تولرانسی تدا نییه.
رنگبه خکانک هبن، نموونی کمک ئایت بهننه پشوه که باس له ئازادیی ئاین و هبژاردنی بیروا دکات، له چشنی "لا اکراه فی الدین" و کمک ئایتی تری هاوشوه، بام به سرنجدان له خودی ئوی پی دوتره "علوم القران" بمان دردکوت زرینی ئو ئایتانه "نسخ" بوونتوه، ئایتی نسخبووش حوکمی له ورناگیرت، به پچوانوه هموو ئو ئایتانه به ئایتکانی سورتی "التوبه" نسخ بوونتوه. چوونکه ئو ئایتانی پشوو زادی قناغی مکک بوون، چون له قناغی سرتای بانگوازی ئیسلامیدا ئاینکه بانگشی ئازادیی ئاین و ئامانجی هاوبشی ئاینکانی تری دکرد، بام له قناغی مدینداا کاتک بانسی هز بلای موسمانداا دشکتوه، ئایتکان زمانیان دگت به زمانی هش و کوشت وبه.

نووسەری نەوداری عەرەب "هادی عەلەوی" لە کتێبەکەیدا "مێژووی ئۆشکەنجەدان لە ئیسلامدا" بە وردیی و هەمەلایەتێ تیشکی خستۆتە سەر شێوازەکانی کوشتن و ئۆشکەنجەدانی نێیارانی ئیسلام بە درێژایی مێژووی ئیسلام، ئەگەر بە وردیی بڕاوورد بکەین لە نێوان ئەو فەرمانە لە تۆندوتیژیی کە داعش بەکاریدەهێنێت لەگەڵ ئەو شێوازانەی لە مێژووی ئیسلامیدا بەکارهاتوون، جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدی ناکەین شیاوی باسکردن بێت.

عەلەوی لە کتێبی ناوبراودا، چەندین شێوازی تۆندوتیژیی و ئۆشکەنجەدان و لەناوبردنی فیزیکیی خستۆتە روو، لە نموونە "کوەکردن، سووتاندن، سەرپێاندن، لەدان و جێدێ لەدان، پێل و پێ بەین، ئۆشکەنجەدانی جنسی، ئۆشکەنجەدان بە چەرخ، زگ هەڵئاوساندن لە ڕەگەی چەرخەوە، کوشتن بە قسەی "الموت بالنور"، تەزاندن و ڕەقکردنەوەی پاش قامچیکاریی، زگ هەڵئاوساندن لە ڕەگەی بەنجەوە، پچڕینی گۆشت لەلاشە، شکاندن بە دوو داری ئەستوور، تەڵا تەبەین و کوت کوتکردن، کوشتن لە ڕەگەی برژاندن، گوێ و لوت بڕین و چاو هەڵکێڕین، بڕی ئاگرین، نینۆک کێشان، ئۆشکەنجەدان بە قامیش، زیندە بەچاڵکردن، لە خاچدان و هتد...".
ئەگەر سەیر بکەین داعش شتێکی نوێی لە بواری کوشتن و تۆندوتیژیدا دانەهێناوە، جگە لە دووپاتکردنەوەی ئەو شێوازانەی بە درێژایی دەسەڵاتی ئیسلامی پێیەوکراون. سەرپێاندن بە شمشێر و سووتاندن دوو شێوازن داعش زۆرترین جار پێیەویی لە دەکات، ئەوەش لە مێژووی ئیسلامیدا زیاتر لە چەندین جار دووبارە بۆتەوە.
هادی عەلەوی دەنووسێت: ئەبوبەکری سدیق لە میانەی ئامۆژگارییەکانی بە ئەو سوپایەی بۆ لەناوبردنی هەگەواوەکان ناردوویەتی فەرمانی پێداون بیانسووتێنن. هەروەها "تەبەری" دوو کتێبی لەمبارەوە هەیە و ڕووداوی وەهای تێدایە کە بە فەرمانەکانی ئەو جێبەجێ کراون. "بەلازەری" لە "فتوح البلدان"دا ئەوەمان بە دەگەڕێتەوە "خالیدی کوڕی ولید" هەندێک لە هەگەواوەکانی دوای بەدیل گرتنیان سووتاندووە.
بەشێکی بڕچاویش لە فوقەهای ئیسلامی ڕەگەدەدن بە سووتاندنی مرۆڤ بەتایبەتی بە پشت بەستن بە نموونەی سووتاندنی هەگەواوەکان و پیاوێکی نزیک لە سەردەمی ئەبوبەکری سدیقدا. داعش پاساوی شەرعی و نموونەی پیادەکراوی کردەتە پاشت بە سووتاندنی نێیارانی خۆی. لە نووسراوەکدا ڕەخنەراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) وەڵامی ئەو پرسیارە (حوکمی سووتاندنی کافر تاوەکو دەمرێت چییە؟) دەداتەوە و چەند بەڵگە و فەرموودە و تەفسیرێک دەهێنێتەوە و شەرعیەت دەداتە

سووتاندنی مرۆڤ.
لەو نووسراوەدا داعش رایگەیاندووە لە هەر دوو مەزهەبی شافعی و ئەحناف سووتاندن بە رەهایی رەگەپەدراوە و پشتیان بە فەرموودەیەکی پێغەمبەر (محەمەد) بەستووە کە وتوویەتی (کەس بەئاگر سزا نادرێت تەنیا خودا ئەو کارە دەکات)، واتا خودا خۆی خۆک دەسوتێنێت، مەهلەبیش وتوویەتی "ئەو رێتکردنەوەیەی خودا مەبەستی حەرامکردنی نییە بە رەهایی"، بەڵکو رەگەپەدراوە. لە بەشێکی تری نووسینەکەدا داعش ئاماژەی بەوە کردووە کە ئیبن حەجەر "ڕەگەی بە سووتاندن داوە و هاوەڵانیش ئەویان کردووە، تەنانەت پێغەمبەریش ئاسنی سوورکراوەی بە ئاگر کردووەتە چاوی عەرەنییندا و خالیدی کوڕی وەلیدیش چەندین کەسی لە خۆکی (ردە) سوتاندووە".
خودی تۆندوتیژییەکە لەسەردەستی پێغەمبەر "محەمەد" دەستی پێکردووە، لە سەردەمی ئەودا تۆندوتیژیی و جیهاد وەک پارێزەری ئاینەکە ناسێندرا، لە ڕەگەی ئایەتەکانی جیهاد بەتایبەت سورەتی "تەوبە" فەرمانەی جیهادی ئیسلامی کرا، بە نموونە دەستکەوت و غەنیمەتی شتە بە پێی ئایەتێک دیاریکرا کە دەبوو پێنج یەکی هەر غەنیمەیەک بە خودی پێغەمبەر بێت، هاوکات خوێن و مالی نایارانی ئیسلام حەڵاڵ کرا، ئەمە جگە لەوەی هاوسەرەکانیان دەکرانە کەنیزەک و وەک دەستکەوتی شتە بەسەر سوپای ئیسلامیدا دابەش دەکران.

لە سەردەمی پێغەمبەردا، تیرۆری نایارانی ئاینەکە لەلایەن خودی پێیامبەرەوە ڕەوایی پێدرا و چەندین جار پیادەکرا لە نموونەی: کوشتنی "عەسمای کچی مەروان". کە پێغەمبەر "عومەیری کوڕی عودەی" نارد بۆ کوشتنی، ناوبراو لە ناو مناڵەکانیدا کە بەدووریدا نوستبوون ئەم ژنەی کوشت، بە پاساوی ئەوەی زەمی پێیامبەری کردبوو. کوشتنی "ئەبی عەفەکی یەهودی" کە تەمەنی لە 100 ساڵ تێپەڕیبوو، نموونەیەکی تر لە تیرۆر لە سەردەمی پێغەمبەردا. ئەبی عەفەک شیعری هەجوی لەسەر پێیامبەر دەوت، ئەوەبوو پێغەمبەر "سالمی کوڕی عومەیر"ی نارد بۆ کوشتنی، ئەویش لە کاتی خەودا شمشێرەکی کردە ناو جەرگی و کوشتی. پاشان کوشتنی "کەعبی کوڕی ئەشرەف" کە قوڕەیشی هاندەدا دژی موسڵمانان، نموونەیەکی تر لە تیرۆر لە سەردەمی پێغەمبەردا، چوون خودی پێغەمبەر سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی کوشتنەکەی کرد و 5 پیاوی نارد بۆ لەناوبردنی و تاکو "بقیع الفرقد"یش چوو لە تەکیاندا، پاش ئەوەی "کەعب"یان کوشت و سەرۆ باوکەشیان هێنایەوە بۆ پێغەمبەر.

هاوزەمان کوشتنی "ئەبی رافع کوڕی عەبدوڵا، سەلامی کوڕی ئەبی

حەقیق، دایکی قرفە، ئیبن شەیبنینە" کەمێک کوشتنەک بوون لەسەر راسپاردەی خودی پێغەمبەر ئەنجامدران بەتەمەتی هەجوکردن و دژایەتی پێیامبەری ئیسلام. ئەگەرچی لە گرتنی مەککەدا لەبوردنی گشتیی دەرکرا، بەڵام وەک "عەلی دەشتی" لە کتێبەکەیدا "بیست و سێ ساڵ پێغەمبەریی" ئاماژەی بە کردووە: پێغەمبەر چەند کەسێکی جیاکردەوە و فەرمانی دا لەهەر جێگەیەک دەزرانەوە بیانکوژن تەنانەت ئەگەر پەنایان بردبێتە بەر کەعبەش. ئەمانە بریتی بوون لە: سەفوان کوڕی ئومەییە، عیکرمە کوڕی ئەبوجەهل، عەبدوڵلای کوڕی خەتەل، مقبس کوڕی سەباب، حویرس کوڕی نوفیر. شەشەم کەس "عەبدوڵلای کوڕی ئەبی سەرح" بوو کە ماوەیەک لە مەدینەدا دەستەی نووسەرانی وەحی بوو. هەروەها دوو کەسی تر بەناوەکانی "فرتنا و قریبە" لەبەرئەوەی چەندین بەیت و دەڵی گاڵتەجاڕانەیان لە بارەی پێغەمبەرەوە بڵاوکردبووەوە.
هەر لە سەردەمی پێغەمبەردا، قەڵاچۆی هەر سێ هەزە جولەکەکەی مەدینە کرا، تەنانەت بەپێی ژمێرە مێژووییەکانی خودی موسڵمانان خۆیان، تەنیا لە هەزی "قریزە" نزیکەی 8 هەزار کەس زیندەبەچاڵکران و سەروەت و سامانیان بە غەنیمەت گیرا و ژنەکانیان کرانە کەنیزەک و منداڵەکانیشان بە کۆیلە. دواتر لە ساڵی حەوتەمی کۆچی، پێغەمبەر فەرمانی گرتنی قەڵای خەیبەر دەدات کە شوێنی ئاوارە جووەکان بوو، پاش ئەوەی کوشتارێکی زۆریان لەدەکات، سامانەکانیان تاڵان دەکرێت و ژنەکانیان دەکرێنە کەنیزەک، تەنانەت خودی پێغەمبەر "سەفیەی کچی حەیی کوڕی ئەختەب" وەک دەستکەوتێکی شەڕ لە خەی مارە دەکات کە دیلێکی جوو بوو.
ئیبن ئیسحاق، باسی گرتنی قەڵای خەیبەر دەکات و دەڵێت: پێغەمبەر "کینانەی کوڕی ڕەبیع" بانگ دەکات کە شوێنی گەنجینە شاراوەکەی بڵێ نیزیری دەزانی، پرسیاری شوێنی گەنجینەکەی لێکرد، ئەویش ئینکاری کرد شوێنی گەنجینەکە بزانێت. بەیەک پیاوێکی یەهودی بانگ کرد و ئەو یەهودییە بە پێغەمبەری وت بڕچاوی خۆم کینانەم دیوە هەموو ڕۆژێک دەهات بە ئەم کەلاوەیە. پێغەمبەریش بە کینانەی وت دەزانی ئەگەر گەنجینەکە لەڕە بدزمەوە دەتکوژم؟. کینانەش وتی بەڵێ. پێغەمبەر فەرمانی کرد کەلاوەکە هەڵبکەنن و ئەوانیش هەڵیانکەند، شوێنی چەند گەنجینەیەک دەرکەوت، پێغەمبەر پرسیاری لە کینانە کرد شوێنی گەنجینەکە لە کوێدایە؟. کینانەش ئینکاری دەکرد، پێغەمبەر بە زوبەری کوڕی عەوامی وت بڕۆ کینانە ئەشکەنجە بدە تا پێی دەردەخەیت. دواجار پێغەمبەر کینانەی نارد لای محەمەدی کوڕی مسلمە و ئەویش ملی پەڕاند.
دەبینین سوپای ئیسلام دەستی نەپاراستووە لە کوشتن و سەرپەڕاندن، تانەکردن و بە کەنیزەک گرتنی ژنان. تەنانەت بەشێک لە

مژوونووسان پیانوایە فاکتەری دەستکەوت و غەنیمەت رۆکی گرنگی گێڕاوە لە سەرکەوتنەکانی سوپای ئیسلام هەر لە سەردەمی پێغەمبەرەوە تا دوا چرکەساتی قۆناغی فتوحاتی ئیسلامی.
عەلی دەشتی، لە کتێبی "ئیسلامناسی"دا دەنووسێت: لە "فتوح البلدان"ەوە وا دەردەکەوێت کە ئەبوبەکری سدیق، لە ناردنی سوپا بۆ شام، لە هاندەری دەستکەوت و غەنیمەت کۆکی وەرگرتووە و بەهیوای چنگکەوتنی دەستکەوت و غەنیمەت سوپاکە بەرەو شام هاندراوە.
هەروەها لە ڕستەم "فەرماندەی سوپای ئێران" و "مغیرەی کوڕی شعبە"ش وا گەیندراوە کە هاندەری شەڕی عەرەبەکان لە باوەکی ئایینییەوە نەهاتووە بەکو بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوت و غەنیمەت بووە.
"بارتولد" و "گلدزیر" و "فیلیپ حتی" و تووژەرانی دیکەش لەگەڵینەوەکانیان وای دەردەخەن کە جەنگاوەرانی عەرەب پتر بەمەبەستی چنگخستنی مال و دەستکەوت و سامان وەک هاندەرێکی سەرەکی شەڕیان دەکرد. لەم ڕوانگەوە عەرەبە بەدووکان کە نانی خەیان لە ڕەی غەزەوات و بە نووکی شمشێر پەیدا دەکرد، بوونە بزوێنەری سوپای عەرەبی ئیسلامی. بەم بۆنەوە بوو "ئیبن خەلدون" گەیشتە ئەو بڕوایەی عەرەبی موسڵمان دەستی بگاتە هەر شوێنێک وەرانی دەکات.
ئاگەر چاوێک بە "فتوحاتی ئیسلامی"دا بخشێنینەوە و بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە سەیری مژوو بکەین، ڕەنگە سوپای ئیسلام لە ریزی دڕندەترین و وەرانکەرترین سوپاکاندا بێت بە درێژایی مژوو. مرۆق کاتێک مژووی "تەبەری" و "تەواوی مژوو"ی "ئیبن ئەسیر" و چەندان کتێبی تری مژوویی دەخوێنێتەوە، تەدەگات ئەوەی ئیسلامی بەو خڕایییە گەیاندە زەر جەگەی دوور و ئایینەکە لەماوەیەکی پەوانەیدا گەیشتە ڕۆژهەڵاتی دوور و نزیک لەوارەکانی ئەوروپا، حیکمەت و بەخشندەیی ئایینەکە نەبوو، بەڵکەدەر ئەوەی ترس بوو لە سوپایەکی دڕندەق کە تەنیا و تەنیا کوشتن و کاولکاریی دەزانی.
د.کامیل نەجار، باسی فتوحاتی ئیسلامی دەکات و دەنووسێت: غەزای سیند و هیند لەسەردەمی "حەجاجی کوڕی یوسفی سەقفی"دا بە لوتکەی تووندوتیژیی جیهاد لە ئیسلامدا پێناسە دەکرێت. سەرکردەی سوپای حەجاج لە سینددا ساڵی 712ی زاینی "محەمەدی کوڕی قاسم" بوو. حەجاج ئەو فەرمانەی بە دووپاتکردنەوە کە هەستێت بە کوشتنی هەموو ئەو پیاوانەی شەڕیان کردووە و کۆنیزەکانیش بەدیل بگرێت. لەسەر ئەم بنیارە کاتێک موسڵمانەکان چوونە ناو شاری "برهامباد"ەوە "محەمەدی کوڕی قاسم" فەرمانی دەرکرد هەموو ئەو پیاوانەی سەرباز بوون سەریان بپڕدرێت. ژمارەی سەربڕاوانەی ئەو کارەساتەش بە شەش هەزار کەس مەزندە کراوە و هەندێکیش دڕدن شانزە هەزار بووە.

هیندیش کە لە ساڵی 1000ی زاینی لەلایەن "مەحموود قارنی"ەوە داگیرکرا، لەگەڵ خۆیدا گەردەلوولکی بردە ئەو وڵاتە، پەرستگاکانی رووخاند، ئاگرتوون و زەڵە و زیوویان هەڵووشی، ئەوەندەی خوا حەز و ئارەزووی کرد کوشتاریان کرد، یەکەمجار بە دیلکردنی پاشا "بنجاب" دەستیپێکرد و دواتر دانیشتوانی "قور"یان ناچار کرد ببنە موسڵمان، کاتێکیش شاری "ماتورا"یان داگیرکرد کە شوێنگە و قیبلەگای خوا "کریشنا" بوو، گەورەترین پەرستگایان رووخاند و تۆیدا دەستیان گرت بەسەر 500 پەیکەری ئاگرتوونی ڕەشادی کە درێژیی هەر پەیکەرێک پێنج یارد بوو. هەروەها لە شاری "سومنات"یش "مەحموود قارنی" زیاتر لە 50 هەزار کەسی کوشت و ئەوەی بەی کرا تاڵانی کرد.
لە ساڵی 793دا ئەمیر هیشام، سوپایەکی بە سەرکردایەتی "عبدالملک بن عبدالواحد" ناردە ناوەڕاستی ئەندەلوس و ئەویش قەڵەمڕەوی کرد تا گەیشتە قەیڕەوان. بە درێژایی چەند مانگێک لە تەواوی وڵاتەکەدا کاری هەر ئەوە بوو بکوژێت و هەڵووشێ و ژنەکانیان بە کەنیزەک ببات. کاتێکیش بە سەلامەتی گەڕایەوە ئەوەندە دیل و کەنیزەکی لەگەڵ خۆیدا هێنابووەوە مەگەر هەر خودا دەنا کەس ژمارەیانی نەدەزانی.

سوپای ئیسلام نەک هەر دەستی لە کوشتوبڕ نەباراستووە، بەکو گەیشتبێتە هەر شوێنێک پرسەیەکی کاولکاریی دەستپێکردووە، تەنانەت بە بەوای "عەلی دەشتی" نووسەری کتێبی "ئیسلامناسی" کوشتنی "عومەری کوڕی خەتاب" لەسەر دەستی "فەیرەز ئەبو لولوئە" کاردانەوەی ئەو دەندەیەی سوپای ئیسلام بووە. بەیە دەنووسێت: کاتێک دیلەکانی شاری "نەهاوەند"یان بە مەدینە دەبرد، فەیرەز لەولاوە وەستابوو، سەیری دیلەکانی دەکرد و دەی منداڵە وردەکانی دەداوە و دەنەوایی دەکردن و دەستی بەسەردا دەهێنان و دەیگووت: "عومەر جەرگی خواردم". ژن و کچە دیلەکانی ئەم شارانەیان لە بازاڕی مەدینە فرۆشت و ناوی "وسبانا" و "ئوسرا"یان لێنان.
ئەو پرسە وەرانکارییەی لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتتابدا دەستیپێکرد و تا دواڕۆژەکانی تەمەنی خەلافەتی عەبباسی بەردەوام بوو، لە ئاستەکدایە، جاری وا هەیە مرۆڤ تووشی شۆک دەکات. تەنانەت ماتریاڵە بە ڕەحەکانیش لە دەندەیی سوپای ئیسلامی دەرباز نەبوون. چەندان پەیکەری بەنرخیان شکاند، چەندان پەرستگا و کتێبخانەیان سووتاند، هەزارەها جگەی پەرستنیان کاول کرد، هەزارەها ئاسەواری شارستانێتییە دەرینەکانیان لەگەڵ زەوی تەخت کرد.
"ئیبن خەلدون" لە کتێبی "المقدمە"دا دەنووسێت: کاتێک سەعدی کوڕی وەقاس شاری "مەداین" داگیر دەکات، بە نامەیەک لە "عومەری کوڕی خەتاب"ی پرسی چی لەو هەموو کتێبانە بکات کە لە مەداین هەن؟.

عومەر لە وەڵامدا نووسیبووی: هەموویان بە ئاودا بدە. ئەگەر ئەو شتانەی لەو کتێبانەدا هەن بە ڕێنماییکردن بن ئەوا خوا قورئانی بە ئێمە ناردووە کە لەمانە ڕێنیشاندەرتر، خۆ ئەگەر ئێم کتێبانەش بەجگە لە مایەی گومڕایی شتێکی دیکە نەبن ئەوا خوا لە شوێنی ئێم کتێبانە بەدوورمان دەگرێت. لەبەرئەوە هەموو ئێم کتێبانە بە ئاودا بدە یان بیانسووتێنە.

وەنەبێت ئێمە شێلگیرانە تۆندوتیژییە تەنیا لە سەردەمی خەلافەتی عومەرەوە سەریهەڵدابێت، بەڵکو لە ساتەوەختی جەنگی "بەدر"ەوە دەستیپێکردووە و پێغەمبەر خۆی لە چوارچێوەیەکی پیرۆزدا فەرمانی کردووە. دواتر لە سەردەمی ئەبوبەکری سدیق ئەو تۆندوتیژیی و وێرانکارییە پەرەیسەندووە و پاشان قەناغ بە قەناغ زیاتر تەشەنەی کردووە، بەڵام هەموو ئەمانە بە پاڵپشت بە دەقی قورئانی و فەرموودەی پێغەمبەر ئەنجام دراون.
ئەگەر نموونەیەک بهێنینەوە لە سەردەمی دەسەڵاتی "ئەبوبەکر"دا، هەرشی سوپای ئیسلام بوو بە سەر ئەوانەی بە "هەگبەاوە" ناوزەد کراون، لە کاتێکدا زۆربەی ئەوان باوەڕداربوون بە ئیسلام بەڵام ئامادە زەکاتدان نەبوون. کەچی ئەبوبەکر بە سووتاندن و کوشتن و سەرپەڕاندن وەڵامی داونەتەوە. بە وێنە هەر لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەودا، خالیدی کوڕی وەلید، پاش ئەوەی لەسەر نەدانی زەکات "مالیکی کوڕی نویرە" لەناوچەی "بەتاح" دەکوژێ و دەیسووتێنێت و بەزۆرەملێ ژنەکەی مارە دەکات لەخۆی، خودی خەلیفەی ئیسلام بەدەنگ بوو لەم تاوانە لەکاتێکدا کەسێکی وەک مالیک باوەڕی بە ئیسلام هەبووە.

ڕەفیق سابیر، لە کتێبەکەیدا "ئیمپراتۆریای لەم" دەنووسێت: ڕەنگە سەرنجڕاکێشترین ڕووداوی دەوڵەتی ئومەوی ئەو پڵامارە بێت بە فەرمانی یەزیدی کوڕی مەعاویە کرایە سەر خەڵکی شاری مەدینە. کە بەحکومەانی یەزید ڕازی نەبوون. دوای داگیرکردنی شارەکە سەرلەشکری ئومەویەکان "مسلمی کوڕی عەقبە" ڕەگەی بە سەربازەکانی دا تاکو سێ شەو و سێ ڕۆژ بە ئازەووی خۆیان بکوژن و تاڵان بکەن و دەستدرێژیی بکەنە سەر ژنان. سەرچاوەکانی مێژووی ئیسلامی دەنووسن کە لە ئەنجامی ئەو دەستدرێژییە جنسییەی کرایە سەر ژنانی مەدینە حەوت هەزار منداڵی بێژوو لە شارەکەدا لە دایکبوون.

بە ئاوەدانەوێکی خەرا لەم نموونە مێژووییانە و دیان نموونەی تری هاوشێوە هەر لە غەزای بەدرەوە تاکو دوا هەناسەی دەوڵەتی خەلافەت، بەو ئەنجامە دڵگرین داعش ئیزافەیەکی پێ نەبووە بە سەر

ئەو شەوازانەی لە میانەی 14 سەدەی تەمەنی ئایینی ئیسلامدا پەیدا و کراون، رەنگە تەنیا ماتریالەکان و میکانیزمەکانی ئەو پرسە کاولکاریانە گەلابن، بەو واتایەی ئەگەر پشان بە پاچ و گەپاپیکەر و شونوارەکان کاولکرابن، ئەستا داعش بە تی ئەن تی کاولیان دەکات، ئەگەر پشوو بە شمشێر و تیر جەنگیان کردبێت، هەنووکە سەربازەکانی داعش بە تازەترین چەکی پشکووتوو شەڕ دەکەن. ئەگەر جاران ئەسپسوار بووبن، حاڵی حازر داعش خاوەنی هەزاران ئۆتۆمبیلی جۆری هەمەرە.

من پەموایە ئەو بۆچوونە زۆر سادە و کرچ و کاڵە کە پێیوایە داعش رەکخراوەکی نامۆیە بە ئیسلام. یان ئەوەتا خاوەنانی ئەو بۆچوونە وێنایەکی خەیاڵی لە ئیسلامیان وەرگرتووە و فاکتەر مێژووییەکان نادیدە، یان ئەوەتا بە ئەنقەست پاکانە بە خودی ئیسلام دەکەن. چوونکە بمانەوێ یان نەمانەوێ خودی ئایینەکە زەمینەیەکی شداری هەیە بە پەروەردەکردن و رسکانی ئەو تۆرزە لە تیرۆریزم. چوون ناکرێت موسڵمان بیت و باز بەسەر سورەتی "تەوبە"دا بدەیت یان چاو لە ئاست ئایەتەکانی تووندوتیژیی و جیهاد بنووقێنیت.

ئەوەی داعش دەیکات، نموونەی پیادەکراوی هەیە هەر لەسەردەمی پێغەمبەرەوە تا ئەم ساتەوەختە. داعش هیچ دیاردەیەکی نوێی لە تووندوتیژیی و فاناتیسم و وەرانکاریی دانەهێناوە. بە دەربڕینێکی تر داعش رەکخراوەکی نوێیە، بەڵام نوێنەرایەتی عەقڵیەتێکی کۆن و دێرینتر دەکات، کە تا ئەم چرکەساتەش ئامادەبوونێکی جیددی هەیە و هەڵشەیەکی پڵە یەکیشە بە سەر ژیار و ژیانی شارستانی مرۆڤایەتی هاوچەرخ. ئەوانەی دەڵێن نەخێر داعش نوێنەرایەتی ئیسلام ناکات. هەرگیز ناتوانن وەڵامێکی پتاوپڕ و لۆجیکی ئەم پرسیارە بدەنەوە. ئەگەر داعش نوێنەرایەتی ئیسلام ناکات، ئەی نوێنەرایەتی کام ئایدۆلۆجیا و ئاین و دیدگا دەکات؟.

ئەوانەی پێیانوایە داعش و ئیسلام دوو کایە و دوو پەدراوی جیاواز لە یەکترن، چەن وەڵامی مێژوو دەدەنەوە کە دێرکی ئیسلامی تژیەتی لە نموونەی ئەو کاولکاریی و کوشتارەی داعش ئەمڕۆ پیادەیان دەکات؟. ئایەکە خەی بەرپرسیاری یەکەمە نەک خودی کەسەکان. نەک خوێندنەوە و روئیاکان. چوونکە کەسانێک هەن دەیانەوێ بەڵێن ئەوە تەنیا ئیجتهادەکە لە ئیسلامدا، بەڵام بە خوێندنەوەی دیرەک و تەماشاکردنی شکستی رەوتە عەقڵانییەکانی ناو ئایینی ئیسلام لە نموونەی "موعتەزیلە" و هەرەسی خولیای ریفۆرمیستە ئیسلامییەکان، دەگەینە ئەو بۆچوونەی خودی ئایینەکە چەقبەستوو و تووندوتیژە نەک خوێندنەوە و روانگەکان.

لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین کاریگەریی چەند کەسایەتییەکی وەک

"ئەحمەدی کوڕی حەنبەل، ئیبن تەیمیە، محەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب، سەید قوتب" نادیدە بگرین لە فەرمانڕەوایی بنەدیی ئیسلامی فەندەمینتالیست و ریشەیخواز. ئەو چوار کەسە زیاتر لە هەر کەسی تر بە بزووتنەوە ئیسلامییە جیهادیی و تەکفیرییەکان، گرنگ و پە بایەختر، چوونکە ئەوانە داوای گەورەیان دەکرد بە ساتەوەختی "سەلەفی سالح" و هەموو بڕچوونە عەقڵانی و ریفۆرمیستەکانیان ڕەت دەکردەوە.

ڕۆڵی سەید قوتب لەگەڵاڵەکردنی ئەو دیدگا جیهادیی و تەکفیرییەی ئێستا هەیە، ڕەنگە کاریگەرتر بێت، چوونکە قوتب پیاوێکی حەرەکی بووە و لە هەموویان هاوچەرختر بووە. ئەو لە ڕەگەی نووسینەکانییەوە فەرمانڕەوایی بزووتنەوەی جیهادییەکانی کرد. بەتایبەت لە ڕەگەی کتێبە بەناوبانگەکانی وەکوو "1-هذا الدین. 2-المستقبل لهذا االدین. 3- الاسلام و مشکلات الحضارە. 4- فی ضلال القران. 5- مقومات التصور الاسلامی. 6- خصائص التصور الاسلامی. 7-معالم فی الطریق. 7- لماذا اعدمونی". قوتب لە کتێبی "مەشخەڵەکانی ڕێ" بەم دەستپەدەکات "ئەمڕۆ تەواوی جیهان لە جاهیلییەتدا دەژی".
بە بڕوای قوتب، جاهیلییەت ناولێنانێکی ڕووت نییە بە سەردەمێکی دیاریکراو کە پێش سەرهەڵدانی ئیسلام دەگرێتەوە، بەڵکو جاهیلییەت لە دەرەوەی زەمەنەکانە و هەموو ئەو کەمەگایانە دەگرێتەوە لە دەرەوەی ئیسلامن یان لە بڕوا و عەقیدەی ئیسلامی لایانداوە. سەید قوتب دنیای وەک دوالیزمێک دەبینی لەنێوان ئیسلام و کوفردا، لەم سەنگەرە جیهانی دابەشی دوو دنیا کردبوو "جاهیلییەت و ئیسلام" یان "دارولسەلام و دارولحەرب". ئەو جیهادی بە تاکە میکانیزمی لەناوبردنی ئەو جاهیلییەتە دەزانی کە بە جاهیلییەتی نوێ ناوزەدی دەکرد.

قوتب، خۆنی بە خەلافەتی ئیسلامییەوە دەبینی، لەم ڕوانگەوە جیهادی بە تاکە میکانیزمی هەنادی ئەو خۆنە حساب دەکرد، بۆیە کەمەگە و دەسەڵاتی تەکفیر دەکرد و داوای هەڵتەکاندنی دامەزراوەکانی دەکرد. ئەو گەرەکی بوو نوێیەک دروست بکات لەسەر ڕقبوونەوە لە شارستانی خۆرئاوا، بۆیە لە جگێیەکدا دەنووسێت "پێویستە ڕەکانمان وا پەروەردە بکەین کە ڕقەکی زۆریان لە شارستانی ئەوروپی بێت. ڕقێک لە ئایندەدا وایان لە بکات تەڵە لە مرۆڤی سپی بکەنەوە، ئەو مرۆڤەی سەر زەوی پە کردووە لە گەندەڵی و خراپەکاریی". تە بڕیی ڕووداوەکانی یانزەی سپتامبەری 2001 بە سەر ئەمریکا هەنادی ئەو خۆنەی قوتب نەبێت لەسەر دەستی تەکفیرییەکان کە لە ڕەگەی تەزەکانی قوتبەوە پەروەردە و

گەشکرابوون؟.

قوتب، لە هەناوی ئیخوانەوە هاتە دەرەوە، ئاگەرچی ئیخوان بە رووکەش وەک میانەو دەردەکەوێت، بەڵام زۆر زوو توندڕەوبی قوتب ئیخوانی تێپەڕاند. ئەم دەتوانین بڵێن سەید قوتب پردی پەیوەندییە لە نێوان ئیسلامییە تەکفیریی و جیهادییەکان بە داعشیشەوە لێگەڕێین تەیمییە و ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و محەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب و تەزە تونڕەو و ئسوڵییەکانیان، ئەوانیش ئەقڵیەکی وەسەن لە نێوان سەید قوتب و ئەو "سەلەفی سالح"ی لای قوتب بە "جیل قرانی فرید" ناوزەدکرابوون. واتە بەبێ ئامادەبوونی سەید قوتب لەم نەوەندەدا ڕەوتی ئیسلامی جیهادی یان بە زەمەنێکی تر دوادەکەوت یان قاچێکی ئیفلیج دەبوو.
خولاسەی قسەی ئەم ئەوپەڕ ئەو ئیسلامەی داعش نوێنەرایەتی دەکات، ئەو ئیسلامە دەخوازێی سەید قوتبە، هەمان ئەو ئیسلامەشە ئیبن تەیمییە و ئیبن حەنبەل و ئیبن عەبدولوەهاب تامەزرۆی بوون، ئیسلامەکەی ئەوانیش هەمان ئەو ئیسلامە ئەرجینالییە کە لەسەردەمی پێغەمبەر و دەسەڵاتی خەلافەتی راشیدیندا بووبی هەبووە. ئەوەی لەڕەدا دەمەوێت بیدرکێنم ئەوەیە لای من جیاوازییەکی ئەوتە نییە لە نێوان کار و کردەوەی داعش و غەزەواتی سەردەمی سەرەتای ئیسلام، بە پێچەوانەوە هەوڵی گەیانەوەی هەمان واقیعە لەم زەمەنەدا.
پەیوەندیی نێوان داعش و کرێکی ئیسلام پەیوەندییەکی کۆنکرێتییە، داعش بە ڕتووش داوای گەیانەوە بە سەردەمی پێشان و ساتەوەختی بانگەوازی ئیسلامیی لە مەککە دەکات، لەگەڵ ئەوشدا هەرچەند مامەڵە دزەوکانی داعش بە مرۆقایەتی سەردەم جێگەی شک و ئیست بن، بەڵام هیچ کات ناتوانین خەمان لەو ڕاستییە ببووڕین داعش هەمان نەریتی کوشت و بە و کاولکاریی دووبارە دەکاتەوە کە ئیسلامی پێشین ئەزموونی کردووە. بەیە هەر هەوڵێک بە تەکفیر و خستنە دەرەوەی داعش لە چوارچێوەی ئیسلام نێک شکستخواردووە بەڵکو هەوڵێکی ناکام و کەمیدییە، چوونکە خوونی خەلافەت و جێگیرکردنی ئیسلام لە ڕێگەی جیهادەوە هەمان خوونی یەکەم ئەقڵی موسڵمانان بووە لە ماڵی ئەرقەمی کوڕی ئەبی ئەرقەمەوە.

نووسینی: ستیڤان شەمزینی

ستۆکهۆڵم

تێبینی: ئەم وتارە بەشی یەکەمە لە کتێبی "داعش لوتکەی تیرۆریزمی ئیسلامی". کە لە سەرەتای ساڵی 2015 چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

مەژووی شانازی- لە یادی گیان بەختکردووانی شۆراکانی کوردستان … ئاسو کمال

هەموو ساڵێک لە یادی ئەم ئازیزانەماندا پەپولەی خەیاڵمان دەفڕێت بۆ سەر یادەوەری ئەم پاڵە هاوڕێ گەنج و پڕ لە وورەیە کە لە ڕۆژانی ٣١ئازار و ١ نیسانی ١٩٩١ لە ڕووبەڕووبونەوەی هێرشی بەعسدا بۆ سەرکوردستان بەداخێکی زۆرەوە گیانیان لەدەست دا. یادی ئەم هاوڕیانەی لای هەموو ئەو نەوەیەی کەمانیستەکان و کەسانی ئازادیخواز و یەکسانیخوازی کوردستان کە بەشداربوون لە ڕاپەڕینی ١٩٩١دا بەرز و جێگای شانازیە. ئەوان یادەوەری بزوتنەوەیەکی شورایی گەنج و پڕ لە شانازی بوون لە کوردستان.
بزوتنەوەی شورایی بریتی بوو لە نەوەیەک لە کچ و کوڕی شۆشگێڕی کوردستان کە دەستیان دایە چەک بۆ ڕوخانی بەعس لە کوردستان و بۆ یەکەم جار لە مەژووی کەمەگەی کوردستاندا بزوتنەوەیەکیان بەرپخست کە کرێکار و فەرمانبەر و خەڵکی هەژار و ئازادیخوازی گەڕەک و کارگە و فەرمانگەکانی کەدەکردەوە و هانی دەدان کە خۆیان لە ڕیگەی شوراکانیانەوە ئیدارەی کەمەگە بگرنە دەست.
ئەم پاڵە هاوڕێیە هەمیشە لە ڕیزی بزوتنەوەی شورایيدا بە گیانێکی هاوڕێیانە و لە خەبردوویی و دە پڕ لە هیوا بە ئایندەیەکی باشترەوە لە نەو کەس و کەمەی خەڵکدا هەڵدەسووان و لە ڕیزی هێزی چەکداری شوراکانیشدا ئازا و جەسوور و شەڵگیر بوون بە پارێزگاری کردن لە خەڵکی کوردستان بەرانبەر بە پەلاماری دەندانەی بەعس لە کاتایی ئازار و سەرەتای نیساندا و لەم پێناوەشدا گیانیان بەختکرد.
ئەم بزوتنەوە شورایيە گەنجە جێگای شانازی ئەمێیە، چونکە مەژوویکە کە ئەمەی کەمانیستەکان یەکەم جار فرسەتی کاری ئاشکرامان لە نەو کرێکاران و خەڵکی ئازادیخواز بە کرایەوە و یەکەم تەجروبەی کاری سیاسی نەو جەماوەرمان بوو، بەڵام ڕاستەوخۆ جەماوەری کرێکار و فەرمانبەر و ئازادیخوازانی کوردستانمان کەکردەوە تا خۆیان بخنە مەیدان و ڕێگە نەدەن کە لە جێگای بەعس

هێز و حزبی تر و بەرپرسیار وکاربەدەستانی دوێنێی حکومەتی بەعس خەیان بسەپێنن بەسەر خەڵکی کوردستاندا. هەربۆیە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بە تایبەت "باوکی هەژاران"کەی کە بە "پیاوکوژی کۆمۆنیستەکان" ناوی دەرکردبوو،کە هێشتا لە دیوی ئێرانەوە نۆگەشتبووەوە ناو شارەکانی کوردستان، لەڕادیۆی "دەنگی گەلی کوردستان" ەوە بانگەوازی دژی شوراکان بەاوکردەوە و دژایەتی چینایەتی بورژوازی کورد و سەرمایەدارانی ئێستای هەر ئەو کاتە بە شوراکان و کۆمۆنیستەکان و خەڵکی کرێکار و ئازادیخوازی کوردستان ڕاگەیاند.
شانازی کردنی ئەمڕۆی ئەمە بەو مانۆوە کورتەی شوراکانەوە، شانازیە بە کۆمەڵێک بەهای سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە.
شانازیە بەوەی هەر لەیەکەم ڕۆژەکانەوە ئەمە لۆگۆی جەماوەری چینەکەی خەماندا بووین بە ڕزگاربوون لە دەست بەعس و لە دەست بەرەی بورژوازی کوردستانیش. بەرەیەک کە ٢٩ ساڵە هیچی لە بەعس کەمتر نەکردوە لە چەوساندنەوە و ستەمی چینایەتی و بێنی موچە ودزینی داهاتی کوردستان و گرتن و تیرۆری ئازادیخوازان و کوشتنی ژنان و گەنجانەوەی کەنەپەرستی.
شوراکان شانازین بەوەی کە بە یەکەم جار وەک بزوتنەوەی کرێکاری وکۆمۆنیستی یەکگرتووانە و بە گوێدانە جیاوازی سیاسی و فکری دەستمان دایە کاری کۆکردنەوەی جەماوەر و دروستکردنی گروپەکانی گەیاندنی خزمەتگوزاری و بەرگرتن بە گەنجانەوەی بەعس.
ئەمڕۆ لە یادی هاوڕیانی گیان بەختکردوومانداین یادی ئەو شانازیانەی بزوتنەوەکەیان دەکەینەوە. ئەمڕۆ جارێکی تر بە پشت بەستن بەو تەجروبانەی بزوتنەوەی شورایی، لە ێیکخستن و هاندان و بەرگریکردنی جەماوەری، وە کردنیان بە کۆکەیەکی پتەوی بزوتنەوەی کرێکاران و چەوساوەکانی ئەمڕۆی کوردستان ئەو یادەی ئەوان بە هەمیشە بەزر و بڕیز ڕادەگرین.

ئاسو کمال

بە هەگبەیەکی کوردانەوە، گەشتێک بە دیوانەکەی (جەلال مەلەکشا) دا ...هەڵە بەرزنجەیی

گەشتیاری میللەتە پێشکەوتووەکان کاتێ دەچنە بینینی وڵاتان، سەرەتا دەکەونە شارەزابوون لە فەرهەنگ و کولتووری ئەو نەتەوە و وڵاتانە. بە ئەم حەز و خولیایە زیندووەیان، هەمیشە سەردانی مەزەخانە و شوێن و پاشماوە کۆن و مێژووییەکان، دەخڵنە سەری هەر سەرەوەی لیستی گەشتەکەیان... ئینجا هەوڵی بەدەستهێنانی بلیتی ئەپێرا و شانۆ و کۆنسێرت و گەلەری و شوێنە هونەرییەکانی دیکە دەدەن. ئیدی بەم جۆرە چێژی ڕۆحی و بژێوی زانین و زانیاری لە گەشتەکەیان وەردەگرن و شتی لەوە فەر دەبن. دەرئەنجام دەبنە خاوەنی جیهانبینییەکی فراوان لەسەر پێشکەوتن و کەلەپوور و شارستانێتی میللەتەکان.

لەم گەشتەمدا بە نێو جیهانی فراوان و پڕ لە گوڵ و گوڵزار و وێنەی شیعری بەرز و تەکنیکی لەوشاوانە و خەیاڵی فراوان و سەلیقەی شاعیرانە و گەلە لایەنی دیکەی ئەم دیوانەدا، خەم وەک ئەو گەشتیارانە دەتە بەرچاو. بەڵام گەشتەکەی من هەر لە نیشتمانی خەمدایە. لەبەر زەر هەکار نیشتمانم جارێ بە داگیرکەراوی و دابەشکراوی و بە کیانی و بە ئاڵایی ماوەتەوە و بە پاسا پەرتم و دەرفەتێکی ئازادانەی گەشتی جیهانم بە نەخساوە... جارێ هەشتا دەرگای قەفەزێکی ئاسنینم لەسەر کەم کراوە و توانام نییە بە حەز و خواستی خەم لە شەقەی باڵ بدەم.. ـ لەمەدا ئەوەش هەر وەک منن ـ . جا لەتەک ئەو ڕاستیانەشدا، من هەشتا پێویستم بە زانین و زانیاریی و شارەزایی لە وڵاتی خەمدا هەیە. پێویستە لە نەو بەرهەم و نووسین و کاری هونەریی و چالاکییەکان دا، ئەو وێنە و دیاردانە دیاری بکەم و لێیان بدوێم، کە بەها و نرخی گفتوگۆ و شرۆڤەکردنیان پێویستە...

هەنووکە دیوانی شاعیرێکی داهێنەر و خاوەن ئەزموون و ڕەچەڵەکێنی تایبەتمەند بەسەر دەکەموە. بە ئەملاولا کردن یەکە و ڕاست بەدوای ئەو بیرکە و پرس و حەز و خولیا و ئەو تایبەتمەندییەدا دەگەڕێم، کە بە دیدی من پێویستە لە هەر تاکێکی کوردی نووسەر و هونەرمەند و بازرگان و ڕەنجدەر و کاربەدەست و بەرپرس دا ئامادەگی هەبێت. ئاخر ڕاستییەکان لە حوکمی بەگەنویستدان! ڕەوای میللەتێکی بندەست،

هەر دەبێت بە ئازادی و سەربەخۆیی بیر بکاتەوە و تێبکۆشێ و بنووسێ و داهێنان بکات... هتد.
(جەلال مەلەکشا) ناوێک نییە، دوور بێت لە هیچ خوێنەرێکی کورد. ئەو بە کەمێک شیعری شەواز تایبەت و زیندووی بارگاوی بە گۆڕانکاری کوردبوون و بانگی ئازادی و بیر و هزری مرۆڤ، جوانی نیشتمانی کورد و ڕەحی بەربەرەکانی و بگرەداچوونەوەی دەستاتی بگانێ. قارەمانی ژیر ئیشکەنجە و ژووری تاریکی زیندانەکان، هەر زوو ناسنامەی تایبەتی و کەسی و شیعری خۆی بەدەستهێناوە و بە پێناسەی تایبەت بە خۆیەوە چێتە نێو کایەی ڕەشنبیریی کوردییەوە.
مەلەکشا، لەکات و ڕۆژگارێکدا ئێم هونەر و جوانییە تەمار دەکات، کە ژیان دژەتانی زەر شتی لە بەیە. لە ڕووبەر و مەلەکەتێکدا ئێم هەوڵستە تەمار دەکا، دەستاتێکی خوێناوی و ستەمکار و دواکەوتووی داگیرکەر حاکمی زاڵە بەسەریەوە. ئێم دیاردە و سیفەتەش بێتە نهێنی و پەنهانی گۆڕەپی سەرکەوتنی ئێم شاعیرە، لە کاروانی شاعیرێتی خۆیدا، جوانی و پیرۆزیی و نرخی بەرزی بەخشیوە بە جیهانی شیعرەکانی.
ئەو شیعرانەی مەلەکشا پێشکەشی کردووین، گەر زادەی بارودۆخێک بونایە، کە شاعیر بەوە تەماتبار بوایە، لە کەشک و تەلارێک سوێتان ئاسا پاڵی لەداوەتەوە و وەعز دەدات و ئامۆژگاری دەفرۆشتەوە. ئەوە بەرهەمەکانی چ سوودێکیان نەدەبوو و نەشدەبوونە کەرەسە و بابەتی ئێم نووسینە. خە گەر بهاتایە و لە دوورەوەی نیشتمانیشەوە پەیامی بە بناردبایناید، دیسان هەقمان بوو بڵێین: تە دووری لەمان و باش ئاگات لە ئازارەکانی نیشتمان نییە و قسەی سەرمەزی ئازاوە و سکی پە دەکەیت. هەرچەندە دەبێت ئەوە بڵێم، پەیامی جەنتەماماتە و واقیعی و زیندوو، لە هەر دەقارێک و پگەیەکەوە بێت، هەر پەیامە و زەبری خۆی هەیە. نەخێر مەلەکشا هەشتا بە خۆی بە خاکدا چەقیوە و زەدەکەی توند و گەرم لە ئامێز گرتووە و یەک تاقە سەنتیمەتر لە نەتەوە و خاکەکەی دوور نییە.
